# سەنتەری رۆشنبیریی و هونەریی قەرەچووغ و گرێدانی دووەمین کۆنفرانس

**جەمیل محەمەد**

رۆژی سێ شەممە ٥ / ١٢ / ٢٠٠٦ ئەو رۆژە بوو کەوا (سەنتەری رۆشنبیریی و هونەریی قەرەچووغ ) , لەژێر دروشمی ( لە پێناو گۆرانکاریی و کاراکردنی بزاڤی رۆشنبیریی و هونەریی لە ناوچەکە و کوردستاندا.) دووەمین کۆنفرانسی خۆی بە بەشداریی زۆریەی هەرە زۆری ئەندامان لە هۆڵی (بنکەی وەرزش و لاوانی مەخموور) بەڕێوەبرد, بڕگەکانی کۆنفرانس وەك ( ئاهەنگی رێوڕەسم و گفتوگۆ و گۆڕینی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ ) بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچوو تەنها پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی مابوو , لەبەر نەهاتنی دادوەر پرۆسەکە ئەنجام نەدرا و,بۆ کاتێکی تر دواخرا , دیارە ئەمە پێشەکییەك بوو بۆ خستنەڕووی بابەتەکەمان , ئینجا بۆ ئەوەی پتر بچینە ناو کرۆکی بابەتەکە و مەبەستەکەمان بپێکین , پێویستە هەڵوەستە لەبارەی ئاستەنگەکان بکرێت و راستییەکان بۆ خوێنەران و رۆشنبیران روون بکرێتەوە.

ئاشکرایە (سەنتەری رۆشنبیریی و هونەریی قەرەچووغ ) وەکو هەر سەنتەرێکی تر بە پێی بوونی مەرجەکانی یاسایی ,مۆڵەتی فەرمیی دامەزراندنی خۆی لە( وەزارەتی ناوخۆ) ی حکومەتی کوردستان وەرگرتووە , راستەوخۆ دوای پرۆسەی ئازادیی مەخموور و دەوروبەری لە رۆژی ١٠ / ٤ / ٢٠٠٣ بارەگای خۆی لە مەخموور کردەوە و دەستی بەکار و چالاکییەکانی کرد,یەکەمین کۆنفرانسی لە رۆژی ٩ / ٣ / ٢٠٠٤ لە مەخموور بەست بێ ئەوەی هیچ گرفتێکی بخرێتە بەردەم , بە پێی بڕیار و راسپاردەکانی یەکەمین کۆنفرانس دەبوایە ساڵانە کۆنفرانس بکات , بەڵام لەبەر راگرتنی بەخشینی سەنتەر , نەتواندرا لە کاتەکانی دیاریکراو کۆنفرانس ئەنجام بدرێت ,دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکی گرفتەکان لە راگرتنی بەخشینەکەیەوە دەستی پێکرد , تاوەکو ئێستاش لایەنی بەرپرس هیچ روونکردنەوەیەکی پێنەداین کە کێ لە پشت راگرتنی بەخشینی سەنتەرەکە بوو , بە هەر شێوەیەك بێت سەنتەر کۆڵی نەدا و بە پشتگیریی و هاوکاریی ئەندامە دڵسۆزەکانی توانی دەریازی گرفتەکان بکات و درێژە بە چالاکییەکانی بدات ,تا رۆژی ١٤ / ٨ / ٢٠٠٦ کە بەڕێز وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی کوردستان سەردانی( مەخموور) ی کرد . لە نزیکەوە گرفتەکەمان خستە بەردەم بەڕێزیان , لەمبارەوەش نووسراوێکی فەرمیمان ئاراستە کرد , ئەویش وەڵامی داوایەکەی داینەوە و گرفتەکەی بۆ چارەسەر کردین , دواتر دەستەی کارگێڕیی سەنتەر بۆ مەبەستی گرێدانی دووەمین کۆنفرانس , رۆژی ١٣ / ١٠ / ٢٠٠٦ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا و بڕیاریدا لە رۆژی ٥ / ١٢ / ٢٠٠٦ کۆنفرانس بەڕێوە بچێت , بۆ ئەو مەبەستە هەموو پێداویستییە یاساییەکانمان دەستەبەر کرد و بە نووسراوی فەرمیی (پارێزگای هەولێر) و (قائیمقامیەتی مەخموور) مان ئاگادارکردەوە ,هەر بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی رەزامەندیی گرێدانی کۆنفرانسەکەمان پێدرا , هەر وەك پێشتر ئاماژەم پێدا , هەموو بڕگەکانی کۆنفرانس ئاسایی بەڕێوەچوو , کە گەیشتینە بڕگەی پرۆسەی هەڵبژاردن و دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بە داخەوە جەنابی دادوەر ئامادە نەبوو , بۆ بەیانییەکەی دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕیی بە نوێنەرایەتی کۆنفرانس سەردانی (پارێزگای هەولێر) یان کرد بۆ بەدواداچوونی هۆکاری دواخستنەکە , ئەوانیش پێیان راگەیاندبوون کەوا کاتێکی تر دیاری دەکەن ,پاش چەند رۆژێك دوای پەیوەندیکردن بە تەلەفۆن , پێیان راگەیاندین کە رۆژی پێنجشەممە ١٤ / ١٢ / ٢٠٠٦ پرۆسەکە بەڕێوە دەچێت , مخابن لەو رۆژەش ئەنجام نەدرا , دوای (٩) رۆژ نووسراوێکمان بە ژمارە (١٣٨٤٩) کە لە ١٣ / ١٢ / ٢٠٠٦ دەرچوو بوو , پێگەیشت , کە لە رێی (دادگای بەرایی مەخموور ) ئاراستەمان کرابوو , کە تیایدا هاتبوو : (( **هەڵبژاردن دواخرا بۆ ماوەی یەك مانگ تکایە بە ناوبراو رابگەینن و بە نوسراوێکی تر ئاگادارتان دەکەینەوە** )),کەچی بە داخەوە نەك هەر یەك مانگ بەڵکو ئەوە ساڵ بووە (٢٠٠٧) و چوار مانگیش بەسەر دەرچوونی نووسراوەکە تێپەڕیووە , هێشتا هیچ ئەنجامێك دیار نییە .

بۆیە لێرەدا بە مافی خۆمانی دەزانین کەوا لە لایەنی پەیوەندیدار بپرسین , ئەرێ ئەو هەموو چاوەڕوانییە لە پای چی ؟ ,ئایا سەنتەرێکی رۆشنبیریی گوناهی چییە ؟ ئەو هەموو گرفت و ئاستەنگانەی بۆ دروست دەکرێت و , ناهێڵدرێت بە شێوەیەکی دیموکراسییانە کۆنفرانسی یاسایی خۆی ببەستێت ,من پێم وایە تەنها گوناهەکەی ئەوەیە سەنتەرێکی سەربەخۆ و بێلایەنە و دوورە لە بیریی تەسکی حیزبایەتی ,خەڵکانێك بۆ جێگیربوونی خۆیان دەیانەوێت مافە دیموکراتی و رۆشنبیرییەکانمان پێشێل بکەن .

# فیدرالیەتی هونەریی لە کوردستاندا.!



**یوسف مەخمووری**

ئەم بۆچوونە تێزێکی جودا خوازی نیە لە هونەردا، وەك ئەوەی لە واری سیاسیشدا هەیە، بەڵام قووڵبوونەوەو پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە کلتوورییە لە ناوچەکانی کوردستاندا بە گشتی هەیە .

ماوەیەك لەمەو بەر وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی کوردستان لە راگەیاندنێکدا، شاری سلێمانی وەك پایتەختی رۆشنبیری و هونەری ناساند و پرۆژەی بە فەرمی کردنیشی بە دواوە دەبێت، ئەمە هەنگاوێکی باشەو جێی دەستخۆشییە، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە هەر ناونان بەس نیە، بەڵکو پێویستە گەورەترین ڤیستیڤاڵی هونەریی و رۆشنبیریی ساڵانە لەسەر ئاستی جیهانی لێ ئەنجام بدرێت.

من لێرەدا کە باس لەم دەستکەوتە دەکەم، رەنگە ئەمە لە خەونەکانی من گەورەتر بێت، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کەوا تایبەتمەندیی ناوچەیی هەبێت لە بواری هونەریدا، بەگەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە پڕ سەروەری و دوورو درێژەی گەلەکەمان کە لەسەر خاکی خۆی ژیاوە، بەردەوام هەوڵیداوە ناسنامەی خۆی ون نەکات، رەنگە ئەم هەوڵدانە بۆ پێویستی و دابین کردنی بژێوی ژیان بوو بێت، بەڵام بۆ ئاسوودە بوونی زیاتری گەلەکەمان ئەم کارەی لە رێگای هونەرەوە ئەنجام داوە، لە سەرەتاکانی ژیاندا کوردستانیان کشتوکاڵیان کردووە، ئەم کارەش پێداویستی و ماندووبوونی جەستەیی گەرەك بووە، بۆیە زیرەکانە مامەڵەیان کردووە لەگەڵیدا، نموونەشمان بۆ ئەم راستییانە زۆرە، وەکو گۆرانییەکانی کار لەکاتی (جوتکردن و چاندن و دروێنەو مانگا دۆشین و مەشکە هەژاندن و...هتد)، زۆر لایەنی تریش هەیە کە هونەری تێدا ئاوێتە کراوە، ئەگەر بێتوو تەنیا لەسەر هەڵپەڕکێ بدوێین لە کوردستاندا، ئەوا رەنگە بە پەرتووکێکیش تەواو نەبێت، هەر ناوچەیەك بە دەیان جۆری هەیە، هەریەك لەم سەمایانە لێك جیان و ریتم و جوڵەی تایبەتی خۆیان هەیە.

ئەوەی من دەمەوێ بیپێکم تەنها لایەنی هونەری گۆرانی و حەیران و هەڵپەڕکێیە لە دەڤەرەکەی ئێمەدا، کە ئەم ناوچەیە لە رووی کلتوورییەوە زۆر دەوڵەمەندە . کاتێك کە باس لە فیدراڵییەتی هونەریی دەکەم لە کوردستاندا، بە باشی دەزانم وەزارەتی رۆشنبیریی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەکو ناوەندێك مامەڵەبکەن و بەشی تایبەت بۆ ناوچەکان بکەنەوەو پرۆژەو بەرنامەی ساڵانەی تایبەتی خۆی بۆ دابنرێت، لە بەر ئەوەی ناوچەکەی ئێمەش لانکەی بەستەو حەیرانە، با ساڵانە ڤیستیڤاڵی کلتووری و حەیرانی لێ ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان رەسەنایەتی و گرنگی ئەم کلتوورە لەم ناوچەیەدا لە ونبوون و توانەوە بپارێزین .

# قــــــــــەراج



**محسن شوانی**

قەراج مەڵبەندی بەستەوحەیرانی

عیشقی کەڵەپوور هەگبەی دۆستانی

دەڤەری پڕ خێر دەشتی پڕجوانی

پڕکانی نەوتی پڕدەغڵ ودانی

بەڵام داخەکەم هەردەم بێ نانی

میوان لێت دەخوات ڕەنجی کابانی

قەراج دەمێکە بێ ڕێزو نازی

هەروەکو مناڵ پێتدەکەن وازی

بەرهەمی تۆیە عەمباری جۆیە

شارەکەت پری بخۆ بخۆیە

هێندەم شیرو ماست ئەوەندەم دۆیە

وتەی بێ کردارخزمەتی درۆیە

قەراج ئەزانم رەنگ زەردو سیسی

فەرامۆشکراوی کەس لێت ناپرسی

لەیادمە قەراج سەردەمی بەعسی

رەشماڵی شێخ وپێشەوەی کورسی

رۆڵەی دڵسۆزت زیندانی دەکرا

خانووی پێشمەرگە چۆن خاپوور دەکرا

زەوی وزاری تۆ چۆن زەوت دەکرا

خاك وخۆڵی تۆ چۆن تەعریب دەکرا

هەربەسەربەرزی قەراج مایتەوە

ئێستاش کەس نایێ هەربەلاتەوە

# دیبەگە و سەگە (گەڕ)ەکانی تەعریب

**شێرکۆ مەحموود**

لەگەڵ پرۆسەی ئازادی ئێراق، دیبەگەش ئازاد کرا، بەڵام نرخی ئازادیی دیبەگە لە شوێنەکانی تر گرانتر وەستا، ئەوە بوو پۆلێك لە رۆڵەی کورد لە چوارڕیانەکەی شەهیدو برێندار بوون، ئەویش بەهۆی لێدانی بە هەڵەی فڕۆکە ئەمریکییەکانەوە .

هاتینەوەو ماوەیەکی زۆر خەریکی خاوێن کردنەوەی ئەو چەند خانووە بووین کە بە پێوە مابوونەوە، مردین هێندەی سەکۆ عەرەبییەکان تێك بدەین و زبڵ و پاشەڕۆی ئاژەڵەکانیان لە ناو خانوو و هەتا مزگەوتیش هەڵکەنین، هاتینەوەو ژیانمان لەگەڵ خۆمان هێنایەوە .

دیارە کە دیبەگە لە چاو شوێنەکانی تری بەعەرەبکراو زیاتر ئیشی بۆ کراوە بەڵام بە داخەوە، شەقامی بۆ کرا کەچی مۆڵکراوە بە پاشەڕۆی مێگەلی بزن و مەڕو مانگا، شۆستەی جوانی بۆ کراوە کەچی لە بەر ریقنەی قازو مریشك کەڵکی بەسەردا گوزەر کردنی نیە، ئەگەر ئافاتێکی مەڕو ماڵات یا ئەنفلەوەنزای باڵندە بێت، ئەوا لە دیبەگە سەر هەڵدەدات.

زۆربەی ماڵەکان لە جیاتی ئەوەی حەوشەی پشتەوەیان کۆگا بێت بۆ کەلوپەلی زیادە، ئەوا کۆلیتی مریشك و شوێنی ئاژەڵە، هاوینان کە لەسەر بان دەخەوی بە ئومێدی هەڵمژینی هەوایەکی ساف، ئەوا بۆنی ریخ و ریقنە هێرت دەکات و مێشوولەش هەراسانت دەکات .

ئەو ماڵانەی بەردەمیان چۆڵە، لە جیاتی فریزکردن و دارچاندن، یا ساباتی مەڕو مانگایە یا کولانەی مریشك و جوجەڵە .

هەموو ئەمانە وایان کردووە لە وەرزی هاویندا دیبەگە ببێتە شانشینگەی مێش و مەگەز . ساڵانە هەڵمەتی دارچاندن هەیە، بەڵام کەرو ماڵاتە بەڕەڵڵاکان هەر بە ساوایی شەهیدیان دەکەن . کۆمەڵێك دوکانی جوانی شارەوانی نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام بە داخەوە دەرابەکانیان داخراون، چونکە لەلایەن خەڵکێکەوە گیراون پێویستییان پێ نیە، دارو پەردووی وێرانکاری تەعریب هێشتا پەناگەیەکن بۆ مارو دووپشك، کە ساڵانە چەند کەسێك دەکەونە بەر شاڵاوەکانیان . خانوو دەکرێ و دابەش دەکرێ بەڵام هێشتا کەلاوەکان پڕن لە خەڵکی ناچارو کەمدەرامەت . بە تێپەڕبوونت بە هەر کوچەو کۆڵانێك، هەر دەبێ سەگێك یان دووانی پاشماوەی تەعریب ببینی، کە لەبەر لاتی تووکیان فڕێداوەو گەڕ بوونە، وەك ئەوەی میراتی تەعریب بن و بۆمان مابنەوە، ماوە ماوەش یەکێکیان دەتۆپن و بۆنێکی پیس بڵاو دەکەنەوە، تۆ بڵێی وەك رژێمی بەعس تا بە کۆتا دێن پەتایەکی گەورە بڵاو نەکەنەوە ..!؟

# عەبدوڵڵا بەل بەل و ئاوی بن بەرد





**ئا: سالار عەبدولرەحمان**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێك کە داگیرکەرە عوسمانییەکان کوردستانیان داگیر کرد، بێگومان ناوچەی مەخموور بەشێك بوو لەم داگیرکارییە، چونکە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ بوو, خاوەن چەندین شوێنەواری دێرینە، ئەوەی لە باسەکەماندا دەمانەوێ بیخەینە روو، مێژووی شوێنەواری "ئاوی بەل بەل " یان "ئاوی بن بەردە"، ئەم سەرچاوە ئاوییە کە دەکەوێتە بناری چیای قەرەچووغ، لەسەر دەستی " عەبدوڵڵا بەل بەل " کە ناوی تەواوی (عەبدوللا یوسف نەبی) یە، پەرەی پێ دراوەو گومبەتێکی بۆ دروست کردووە بۆ ئەوەی خۆی و خەڵکی ناوچەکە سوودی لێ وەربگرن، بەتایبەتی بۆ کۆرکردن و پاراستنی پاك و خاوێنی سەرچاوەکە، چونکە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ئاوی خواردنەوەو ئاو دانی مەڕو ماڵاتیش پشتی پێ دەبەسترا، لێرەدا من وەك کەسێك لە بنەماڵەی ئەم پیاوە، چەند سەرەقەڵەمێك لە مێژووی ئەم سەرچاوە ئاوییەو کەسایەتی ( عەبدوڵڵا بەل بەل ) بخەمە بەر دیدی خوێنەران، دیارە کە مێژووی ئاوی بەل بەل(بن بەرد)، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە لە بناری چیای قەرەچووغ ئەم شوێنەوارە تا ئێستا ماوە، لەلایەن ئەم پیاوە زیاتر گرنگی پێدراوە، هەر لەم رێگەیەش سەری ناوەتەوە، کاتێك بە دەستی چەند عەرەبێکی شۆفینیزم شەهید کرا، ئەویش بەهۆی ئەو پیاوە عەرەبەی کەوەختی خۆی لێ ی قەومابوو رووی کردبووە لای عەبدوڵڵا بەل بەل و هانای بۆ هێنابوو، ئەویش وەك داب و نەریتی کوردەواری شوێنێکی پێدابوو لای خۆی حەواندیەوە، بەڵام بە پیلانی ناحەزان کەتوانیان زەفەری پێ ببەن، کاتێك ئەم عەرەبەیان کوشت بۆ ئەوەی بە سەریدا ساغ بێتەوە، پاش کوشتنی ئەم عەرەبە کە ناوی(شەحاتەبوو) وەك نەریتێك بۆ کەس و کاری ناردەوەو پێ ی راسپاردن کە ئەو دەستی لە کوشتنیدا نیە، بەڵام هەر ئەمە بوو پاش ماوەیەك کە عوسمانیەکان بە دەستی ئینگلیزەکان شکان و عبدوڵڵا بەل بەل هەستا بە نیازی موڵکداری ئەم شوێنەوارە ڕووبکاتە ویلایەتی موصل، کە ئەو کات ئینگلیزەکان حوکمیان تیادا دەکرد. بۆ ئەوەی کەسانی تر نەتوانن زەفەری پێ ببەن تاپۆی بکات، ئەم ئاواتەی نە هاتە دی و لە رێگەی گەڕەبەشە و شۆڕێ بە دەستی چەند عەرەبێك بە بیانووی تۆڵەی شەحاتە شەهید کرا، هەرچەندە عەبدوڵڵا بەرلەوەی ڕووبکاتە موسڵ شەو لە خەودا خەونی بینی بوو بۆ محمدی برای دەگێڕێتەوە کەوا "ئەم شەو لە خەوما سێ سوار هاتن ئاگرییان لە جەستەم بەردا" محمدی برایشی پێی دەڵێ "بەیانی من لەگەڵت دێم"، ئیتر کە بەیانی روویان کردە رێ هەر وەك خەونەکەی سێ سوار لە دوورەوە دیاربوون کە نزیك بوونەوە تەقەیان لێدەن و عبدوللا بریندار دەبێت، محمدی برای دەیهێنێتەوە مەخموورو پاش رۆژێك گیان لە دەست دەدات، وە لە سەر وەسیەتی خۆی بۆ بۆ گوندی (چاڵوك) برایەوەو لەوێ بە خاك سپێردرا. شایەنی باسە دەبینرێت، بە پێی پێویست حکومەت و دەسەڵاتی کوردیی خۆمان دوای ئازادی مەخموور گرنگی بەم شوێنەوارە نەداوە، کە مەخموورەو پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕێکی لێ بدەنەوە گرنگی پێبدەن.

# دەڤەری قەرەچووغ لەبەردەم دووڕیانی دوو ئیدارەیی و جێبەجێکردنی مادەی ( ١٤٠ ) دا



**شاخەوان خالید**

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەگیانێکی وڵاتپارێزیو هزرێکی نەتەوەیی ئاراستەی کارو خەباتی خۆی کردووە، وەك لایەنێکی سیاسی ـ نەتەوەیی کاریگەروپشت ئەستوور بەجەماوەر بەبەرنامەی چڕو پڕو هەمە لایەن بەرەنگاری پیلانو نەخشەکانی داگیرکەرانو دوژمنانی کوردستان بۆتەوەو هەموو توانایەکی خستۆتە گەڕ لە پێناو سەربەخۆییو ئازادی وڵات .

**ڕۆڵی YNDK لە ئازادکردنی دەڤەری قەرەچووغ**

لە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس YNDK خوێندنەوەو پێشبینی هەبوو کەڕژێمی بەعس لە لێواری مەرگدایەو دووچاری گورزی سەربازی لەلایەن ئەمریکا دەبێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بە خێرایی هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان HBNK ی پێك هێنا ، دوای بانگەوازو ئاگادارکردنەوەی هەڤاڵانو جەماوەر بە زووترین کات ریزەکانی خۆی ڕێکخستو کەوتە خۆ بۆ بەشداریکردن لە ئازادکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری وڵات ،هێزەکەی دابەشکردە سەر چەند یەکەیەك بۆ بەشداریکردن لە ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکان، چەند یەکەیەکی تایبەتو نهێنیشی دروستکرد کە ناوە ناوە دزەیان دەکردە نێو چیای قەرەچووغ بۆ پشکنینی ناوچەکە بەگشتیو کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر هێزەکانی دوژمن و پەیوەندی کردن بە هەڤاڵانو خەڵکی دەڤەرەکە بۆ جۆشدانو ئامادەکردنیان بۆ ئازادکردنی دەڤەری قەرەچووغ ،جمو جوڵی هێزی پێشمەرگە لە شەوی ٩/١٠-٤-٢٠٠٣دەستی پێکردو ئەوە بوو HBNK لەبەرەبەیانی ١٠ / ٤ /٢٠٠٣ لە ریزی پێشەوە توانی بچێتە ناو شاری مەخموورو لەگەڵ خەڵکە شۆڕشگێڕو خۆڕاگرەکەی مژدەی ئازادکردنی شارەکە رابگەیەنێو بەم جۆرە توانرا رۆژە رەشو ناخۆشەکانی خەڵکی دەڤەری قەرەچووغ کۆتایی پێ بهێنرێت . دوای ئازادکردنی ناوچەکە YNDK رۆڵی کاراو کاریگەری هەبوو لە وەدەرنانی عەرەبە هاوردەکان ئەوانەی رژێمی بەعس هێنابوونیە ناوچەکەو لەسەر ماڵو زەوی کوردەکان دانیشتبوون ،هەروەك چۆن خەڵکی شاری خانەقین لەسەرەتای پرۆسەی ئازادکردندا شارەکەیان لە عەرەب پاککردەوە ، مەخمووریش بەهەمان شێوە عەرەبە تەعریبچیەکانی لە شارەکە وەدەرنا .

**قەزای مەخموور ( قەراج ، دیبەگە ، گوێر ) لە نێوان دوو ئیدارەییدا**

دوای ئازادکردنی دەڤەری قەرەچووغ YNDK هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ کەمکردنەوەی ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی مەخموور بە چاککردنی بارو گوزەرانی خەڵكو بوژاندنەوەی ناوچەکە لە هەموو رووێکەوە، بەڵام بەهۆی دوو ئیدارەیی لە کارو بەڕێوەبردنی مەخموور لە لایەن پارێزگاکانی موسڵو هەولێر تا ئێستا مەخموور گۆڕانکاری ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە ، کارو پرۆژەکان لەبەرامبەر خۆڕاگریو قوربانی خەڵکەکەی گەلێك کەمترن ، چونکە هەموو لایەك دەزانین تا ئازادکردنی ناوچەکە جەماوەری خۆڕاگری مەخموور لە چ ژیانێکی کولەمەرگیو ترسو تۆقاندن دەژیان، بۆیە پێویستە ئاوڕدانەوەی زیاتر لەم شارە بدرێتەوەو بارو گوزەرانی خەڵکەکەی لە هەموو روێکەوە چاك بکرێت ، ئەمەش بەهۆی ئەم هەنگاوە نەگریسەی رژێمی بەعسی رووخاو بوو لەبڕیارێکی شۆڤێنییانە ، قەزای مەخمووری بەهەرسێ ناحیەکەیەوە ( قەراج ، دیبەگە ،گوێر ) خستە سەر پارێزگای موسڵ، بەمەش نیازی بوو بەتەواوی مەخموور لە هەولێر دابڕێو عەرەب نشینی بکات ، تا ئێستاش بەفەرمی مەخموور سەربە پارێزگای موسڵەو ، پارێزگای هەولێر لە رێی حکومەتی کوردستان هەوڵیداوە کارو پرۆژە بۆ ئەم ناوچەیە ئەنجامبدات ، بەڵام بەپێی پێویست نەبووەو پارێزگای موسڵیش هەنگاوی جدی نەناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکە بۆیە خەڵکی مەخموور بوونەتە بەرداشی نێوان ئەم دوو ئیدارەیە ، کە تەماشای سیما کۆنەکەی شاری مەخموور دەکەیت هەست دەکەی گۆڕانکاری لەشارەکە نەکراوەو لە زۆربەی بوارە خزمەتگوزارییەکانو ئاوەدانکردنەوە بێبەشویێ بایەخە ، بە جۆرێك سیمای شاری پێوە دیار نییەو هەست دەکەیت لە هەموو روێکەوە پێویستی بە زۆر کارو پرۆژە هەیە .

**دەڤەری قەرەچووغو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠**

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ ، بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ژمارە (١٤٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ دەسەلاتی بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق بەهێزە فرە رەگەزەکان درا کە بە (CPA)ی ناسرا ، ئەم دەسەڵاتی هەڤاڵبەندییە لە ئەیلولی هەمان ساڵدا بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراقی دەرکرد ،ئەم ئەنجومەنە پێکهێنرا بە پێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لێژنەیەکی دەستووری پێکهێناو دوای ئامادەکردنی رەشنوسی دەستوورو ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستورەکەو پەسندکردنی لەلایەن عێراقییەکانەوە ، مشتومڕی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بووە سەرە بابەتی هەموان چ لەناوەخۆ چ لەدەرەوە ، ئەم ماددەیەش لە دوو بەند پێك دێت :

یەکەم : دەسەلاتی جێبەجێکردن ئەو هەنگاوە پێویستانە دەگرێتە بەر بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ماددەی (٥٨) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە .

دووەم : ئەو بەرپرسیارێتییەی کەوتبووە ئەستۆی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە حوکمڕانی گواستنەوە کە دەق نووسکراوە درێژ دەبێتەوەو بەردەوام دەبێت بۆ دەسەلاتی جێبەجێکردن کە بەپێی ئەم دەستوورە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی ئەمانە تەواوی ئەنجام بدەن ( ئاساییکردنەوە ، سەرژمێری ، کۆتایی دێت بە راپرسییەك لە کەرکوكو ئەو ناوچانەی دی کە کێشەیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاولاتیان ) لە ماوەیەکدا کەلە ٣١ مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ تێپەرنەکات .

ئەگەر چی دەبوا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان رازی نەبوایە بەئەنجامدانی راپرسی لەسەر ئەم ناوچە کوردییانە ، دەبوا بەبێ مەرج و دانانی ماوە ناوچەکانی کەرکوكو شنگالو شێخانو مەخموورو خانەقینو بەدرەو جەسانو هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان بخرابانەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان ، چونکە راپرسی لەسەر ئەم ناوچانە وەك قومارکردنە یان دەیبەیتەوە یان دەیدۆڕێنی ، ئەم ناوچانەش بەشێکی دانەبڕاوی خاکی باشووری کوردستانن ، هەروەك چۆن باشووری وڵات بەشێکە لە خاکی کوردستانی مەزن ، ئینجا سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق، لەسەردەمی حکومەتەکەی جەعفەری هیچ شتێك بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە نەکراو تەنانەت رێگری و کۆسپی زۆریشی خستە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەکە ، ئەمەش بەهۆی ئەم بیرکردنەوە تەسكو شۆڤێنییەی گروپو لایەنە عێراقییەکان بە خودی جەعفەرییەوە بوو دەهەمبەر کوردستان هەیانە ، هەروا وڵاتانی ئەقلیمیش کە هەمیشە رێگربووینە لەبەردەم مافەکانی گەلی کوردستانو ماددەی (١٤٠) رۆڵیان هەبووە لە دواخستنی ماددەکە بە فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق ، لەسەردەمی مالیکیش کە سەرۆکی ئێستای حکومەتی عێراقە بەهەمان شێوە جێبەجێکردنی ماددەکە زۆر دواخرا، تەنانەت ئەم چوار بڕیارەی تایبەت بەماددەکە لە دوا ساتەکانی تەواوبوونی قۆناغی ئاساییکردنەوە واژۆ کرا ، بەلاّم تا ئێستا جێبەجێنەکراونو ،قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەم شێوەیە :

قۆناغی یەکەم :ئاساییکردنەوەیە کە تا کۆتایی ٢٠٠٧/٣/٣١ دەبوا ئەم قۆناغە تەواو بووایە ، لە نەهێشتنی ئاسەواری بەعەرەبکردن لە گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ شوێنی سەرەکی خۆیانو هاتنەوەی کوردەکان بۆ سەرماڵو زەویو زارەکانیان .

قۆناغی دووەم : کەتا تەواو بوونی مانگی ٢٠٠٧/٧ سەرژمێری لەو ناوچانە بکرێت .

قۆناغی سێیەم : راپرسییە کە ئەنجامدانی نابێ لە ٣١ /١٢/ ٢٠٠٧ تێپەڕ بکات .

ئەوەی تێبینی دەکرێت ماوەی ئاساییکردنەوە تەواو بووە ، بەلاّم تا ئێستا عەرەبە هاوردەکان چ لە کەرکوك یان ناوچەکانی تر نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیانو کوردەکانیش بەهەمان شێوە نەچوونەتەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان ، ئەو برە پارەیەی کە بۆ عەرەبەکان دانراوە گەلێك زیاترە لەوەی کوردەکان لەوەشدا حکومەتەکەی مالیکی جیاوازی کردووە ، سەبارەت بەنوسینگەی بەدوا داچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) یش لە هەموو شارەکان نییە ئەوەش خۆی لەخۆیدا کاریگەری لەسەر دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەکە دەبێت ، هەر بۆنمونە لەمەخموور نوسینگە نەکراوەتەوە خۆ ئەوانیش بەهەمان شێوەی شارەکانی تر لە ئاکامی سیاسەتی بەعەرەبکردنو راگواستن لەناوچەکەیان دووچاری زەرەرو زیانی زۆر بوونەتەوە ، ئێستاش خەڵکی دەڤەری مەخموور زۆریان پێ خۆشە بەزووترین کات ناوچەکەیان بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان ، بۆ ئەم مەبەستە ناوەناوە خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە سازدەکەنو تیایدا داوا دەکەن قەزای مەخموور بکەوێتەوە سەر پارێزگای هەولێرو ناوچەکەشیان بەگشتی بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان کە بێگومان دەڤەری قەرەچووغ ناوچەیەکی ئێجگار دەوڵەمەندە لە رووی کێڵگەی نەوتیو کانزاییو کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە، ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە بە بڕیارێك بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان .

**بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی دەڤەری قەرەچووغ**

لە ماوەی حوکمڕانی رژێمی بەعسی رووخاو لە دەڤەری قەرەچووغ هیچ گرنگییەك بەم ناوچەیە نەدراوە تەنانەت رژێمی بەعسی رووخاو هەموو رۆژ بەبڕو بیانوویەك ناوچەکەی وێرانو کاول دەکرد بۆ وەدەرنانی کوردەکان لەم دەڤەرە ، بەهۆیەوە سیمای شاری لەمەخموور نەهێشتو کردییە وێرانە ، لەبەر ئەوە پێویستە ئیدارەی مەخموور هەوڵی زیاتر بدات لەرێی حکومەتی کوردستانو حکومەتی عێراق بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکە لە هەموو وارێکەوەو بارو گوزەرانی خەڵکەکەی باشتر بکات هەوڵبدرێ سیمای هاوچەرخو شارستانی بکەوێتەوە سەر شارەکە ئەمەش بە ئەنجامدانی پرۆژەی مەزن بۆ ئاوەدانکردنەوەو دروست کردنو چاککردنی رێگاویان لەسەرجەم ناحیەو گوندو دێهاتەکانو،ناو شاری مەخمووریش پێویستی بەخزمەتگوزاری زیاتر هەیە لە دروست کردنی نەخۆشخانەو پاركو یاریگای وەرزشیو بازاڕی هاوچەرخو گرنگیدان بەسەنتەرو کۆمەڵە رۆشنبیریو هونەرییەکان ، ئەمەش کەمترین پاداشتە بۆ خوێنی شەهیدانوخەڵکی خۆڕاگری شاری مەخموور .

# تا ئێستا لە قەراج تەعریب بەردەوامە

**رێبین قەراجی**

ئەگەر سەرێك بە ناحیەی قەراج (باقرتە) دا بکێشی، ئەوا هەست ناکەیت کە ئەم ناوچە کورد نشینە، بەڵکو سیمای کوردستانییەتی لەدەست داوە، هەر لە نێو بازارەکەیدا بگرە تا دوکان و فەرمانگە حکومییەکان، هێندەی عەرەب بەر چاو دەکەون نیو هێندەی کورد نابینیت، وێڕای ئەوەش دەبینیت کە لەرێگەی ئیدارەی موسڵەوە پەیڕەوی سیاسەتی تەعریب دەکرێت لە ناوچەکەو لە شوێنی فەرمانبەری کورد عەرەب دادەمەزرێنرێت. وێڕای ئەوەش لەلایەن دەسەلاتی کوردیی خۆشمان و لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە، سەیر دەکەیت چی کۆنە رەفیقی بەعس هەبووە لە گوندەکانی سەر بەناحیەکەو ناوەوەی ناحیەش لە سایەی ئازادیی و دیموکراسیدا کردوویانە بە (شێخ) و مانگانە (٣٥٠) هەزار دیناری بۆ بڕاوەتەوە و ئەمان بوونەتە پیاو ماقوڵی قەراج.

ئەوەتا نیە لە نێو جەماوەری ناوچەکەش، ئیدارەی ناوچەکە بە (حکومەتێکی سەفەریی) ناوزەد دەکرێت، ئەمیش لەبەر ئەوەی زۆربەی بەڕێوەبەری فەرمانبەرانگەکان و ناحیەو ئاسایش..تد، خەڵکی ناوچەکە نین و لە هەولێر دادەنیشن، بەیانیان کات(٩) ی بەیانی تەشریفیان دێنن و هەندێ رۆژیش هەر بە دیار ناکەون، دواتر کات (١١) ی پێش نیوەڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ مەفتەنی خۆیان، کاتێك کە دەڵێم تەعریب لە قەراج بەردەوامەو کەسیش بە هانای ئەو خەڵکەوە نایەت، ئەوەتا لە فەرمانگەی ناسنامەو باری شارستانی قەراج (ئەحمەد



نفوس) بەڕێوەبەری فەرمانگەکە کە لەسەر میلاکی موسڵ فەرمانبەر بوو، دوای ئەوەی (١٠٥٠) عەرەبی تەعریبی بۆ شوێنەکانی خۆی گەڕاندنەوە، ئەویش بەو هۆیەی کە هیچ کارێکی بۆ نەدەڕواندن و پێی دەوتن دەبێ فایلەکانتان بگوازنەوە بۆ شوێنی خۆتان لێرە هیچ مامەڵەیەکتان ناروات و ناسنامەتان بۆ ناکرێت، ئیتر بەم شێوە فایلەکانیان گواستەوە، و ئێستاش ناوبراو چەند رۆژێکە خانەنشین کراوەو لە شوێنی ئەو عەرەبێك دانراوەو کەسیش ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە، حیزبەکانی ناوچەکەش لە ململانێی حیزبی زیاتر چیتریان بە دەستەوە نیە، ئاخر کە کارێکی وا لەناوچەکەدا بکرێت و لێی بێدەنگ بن پێم ناڵێن کاری ئەوان چیە.؟

دەتوانین بڵێین ئەگەر کار وابڕوات و وردە وردە ئیدارەی موسڵ ئەم سیاسەتەی تەعریب پەیڕەو بکات و فەرمانبەرانی کوردی سەر بە میلاکەکەی خانەنشین بکات و عەرەب لە شوێنی دابنێت، ئەوا بە یەکجارەکی ناوچەکە دەبێتە عەرەبستان و سیمای کوردستانییەتی پێوە نامێنێ.

هیوادارم حکومەتی کوردستان مشورێك لەو پرسە بخوات و هەوڵی ئەوە بدرێت زیاتر فەرمانبەری کورد لەناوچەکە دابمەزرێنرێ و ئەوانەی کە سەر بە ئیدارەی موسڵن بە بڕیارێکی ئیداری بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر ئیدارەی هەولێر، کە ئەمەش هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوور .

## روانگە

ئەمرۆ چوار ساڵ بەسەر ئازادیی (مەخموورو قەراج و کەندیناوەو گوێر)دا تێدەپەڕێت، ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەم رۆژە شکۆمەندو مەزنە لە دیرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان دەکەینەوە، لە هەمان کاتدا بە رەوشێکی هەستیاردا تێدەپەرین، ئەویش ساتەوەختەکانی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی ئێراقە، کە بڕیار وایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ تەواوی بڕگەکان و قۆناغەکانی لەواری کردارییەوە جێبەجێ بکرێت.

هەڵبەتە شارۆچکەی مەخموورو دەوروبەری تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە ناوچە تازە ئازاد کراوەکانی تری باشووری کوردستان، لە بەر ئەوەی شارەکە تاساڵی ١٩٩٦ بەشێوەیەکی فەرمی سەر بە ئیدارەی پارێزگای هەولێر بووەو بە بڕیارێکی شۆڤێنی بەناو(ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی حیزبی بەعسی رووخاو لەم ساڵەدا خراوەتە سەر ئیدارەی موسڵ، هەروەها دەبینین زۆربەی ئەو کێشەو گرفتانەی لە ناوچەکانی تر هەیە، لە شاری مەخمورو دەوروبەری نەماوە، وەك مەسەلەی گەڕانەوەی عەرەبی تەعریب، لێ ئەوەی کە پێویستە بۆ دەڤەرەکە، قەرەبوو کردنەوەی ئاوارەکان و زیانلێکەوتووانی کوردە، لەچوار چێوەی ماددەی ١٤٠ ی دەستووردا، ئەوانەی لە هەشتاکاندا گوندەکانیان لەلایەن رژێمی رووخاوەوە خاپوور کراو ئەوانەی بە زۆرەملێ بۆ کۆمەڵگا(مجمع)ەکان راگوێزران و ئەو دەیان ماڵەی مەخموور کە لەهەمان ساڵدا تێکدراو ژمارە یەك لە خەڵکی دەڤەرەکەش بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەگریسی بەعەرەبکردن و زۆردارییەکانی رژێمی رووخاو، ناوچەکەیان جێهێشت و روویان کردە ناوچە ئازاد کراوەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی پارێزگای هەولێرو دەوروبەری و تا ئازادیی دەڤەرەکە ئینجا بە زێدی خۆیان شاد بوونەوە .

ئەگەرچی بە پێی وتەی بەرپرسانی ئیدارەی ناوچەکە، دەنگۆی ئەوە هەیە بەم زووانە نووسینگەی تایبەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە مەخموور بکرێتەوە، لێ ئەوەی جێگەی سەرسورمانە، لێدوانەکەی سەرۆکی حکومەتی ئێراقی یە بۆ نوێنەری سەرۆکی کوردستان، تایبەت بە چاودێریکردنی ماددەی(١٤٠)، کە لە میدیاکاندا بلاّو کراوەتەوە، گوایە " لە بەر ئەوەی مەخموور تا ساڵی ١٩٩٦ سەر بە ئیدارەی هەولێر بووە دواتر خراوەتە سەر ئیدارەی موسڵ، تەنیا بە بڕیارێکی ئیداری دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیدارەی هەولێر"، کەوا بوو دواخستنی ئەم بڕیارە ئیدارییە تا ئەمرۆ و وادەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە پای چی.!؟، بێگومان گەر ئەو لێدوانە بێتە واری پراکتیزەکردنەوە، ئەوا زۆردارییەکی تر لە مێژووی تەژی لە نەهامەتی و دەردەسەری دەڤەرەکە تۆمار دەکرێت، دیارە لەو کاتەدا مەسەلەی قەرەبوو کردنەوەی خەڵکی گوندە خاپوور کراوەکان و ئاوارەکان و زیانلێکەوتووان، پشتگوێ دەخرێت و ئەو چوار ساڵەی کە بە مانەوەی ئیدارەی ناوچەکە لە سەر ئیدارەی موسڵ تێپەڕبوو، تەنیا لە تەمەنی پڕ نەهامەتی و بەدبەختی خەڵکی شارەکە بەسەر چووە، لێرەدا پێویست دەکات قەرەبووی ئەو چوار ساڵەش بۆ ناوچەکە بکرێتەوە، کە بەهۆی پەیوەندبوونی لە نێوان دوو ئیدارەییدا، دەستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی بەشێوەیەکی پێویست پێ نەگەیشتووە.

لە کاتێکدا ئەم یادە لە خەڵکی مەخموور و قەراج و کەندیناوەو گوێڕ پیرۆز دەکەین، لە هەمانکاتدا رووی داواکاریی لە سەرۆکی کوردستان و حکومەتی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین، کەوا ئیدارەی ناوچەکە بەپێی ماددەی (١٤٠) کاری گەڕاندنەوەی بۆ بکرێت و قەرەبووی دەڤەرەکە بکرێتەوە لە هەموو روویەکەوە، بۆ سڕینەوەی ئاسەواری (٣٥) ساڵەی داڕووخاوی ناوچەکە،کە بەپێی پیلانی نەخشە بۆکێشراوی سیاسەتی تەعریب سیمای شارستانییەتی پێوە دیارنیە، ریشە کێش بکرێت، تا شارەکە لە سیمای گوندێکی کاولبووەوە بۆ سیمایەکی شارستانی و سەردەمیانە بگۆڕدرێت. لە هەمانکاتدا قەرەبووی زیانلێکەوتووان و ئاوارە کوردەکانی دەڤەرەکە بکرێتەوە، بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕاندنەوەی خەڵکەکە بۆ سەر زێدی خۆیان .

سەرنوسەر

# MEXMUR ŞARÊKÎ WÊRAN



**خالید سەعدی**

ئەمە ناونیشانی ئەم ئیمێڵمە کە لە هۆتمێل کردوومە بە تایتلی ئیمێڵەکەم و تا ئێستا چاتی پێ دەکەم, لە گەڵ ئادد ( add) کردنی هەر هاورێیەکی تازە، هەر زوو پرسیار دەربارەی ناونیشانی تایتلی ئەم ئیمێڵەم لێ دەکات .

ماوەیەك بەر لە ئێستا برادەرێکم لە ئەورووپا وتی بە شەرەفم ئەگەر ئەم مەخمورە نەبوایە لەو ئەورووپایە نانم کەرت نەدەکرد، دەبوایە تاوەکو ئێستا بێ وەڵام لە کەمپ، یاری کرمەکەم بە مۆبایل بکردایە . من هەردەم خۆم بە قەرزاری مەخموور دەزانم. برادەرێکی تر وتی ئەرێ مەخموور وەکو جاران خۆشە لە رووی بینایەو چڕی دانیشتوانەکەی، هەرچەندە من ئەم شارەم نەبینیوە بەڵام ئەو کاتەی من لە ئەڵمانیا بووم لەگەڵ دەستپێکردنی مەحکەمەکەم کێسێکی ئامادکراویان بۆ هێنام دەربارەی بارودۆخی ئەم شارە من وای بۆ دەچم مەخموور شارێکی زۆر گەورە و خۆش بێت، سەدان کەسی ئەم شارە لە ئەورووپایە, ئەی باشە بۆچی مەخموور شارێکی وێرانە . منیش وتم ئەوەیە دەڵێن لە بێخەبەران کەشکەك سەلاوات، کاکە گیان وێران بوون و کاول بوون لەمە زیاتر دەبێ چۆن بێت؟

* لەگەڵ زۆربوونی بارەگای حیزب و دامەزراوە ئیدارییەکان، سەدان کەسی مشەخۆر بونەتە بەرپرس لەم شارە، لەبری خزمەت کردن گەندەڵی بویتە پیشەیان.

* لە گەڵ هەبوونی چەندین سەنتەری رۆشنبیری و رێکخراوەی پیشەیی و لاوان و گەنجان و ژنان و ئافرەتان و خانمان و خۆشکان, رۆژ بە رۆژ لادانی گەنجان لە هەموو بوارەکان لە زیاد بووندایە، ئەمانە نەیانتوانیوە گەنجان بەشێوەیەکی دروست و بەمەبەستی خزمەتکردن لەنێوان خۆیان کۆبکەنەوە، بگرە ئەم سەنتەرو رێکخراوانە خەریکی دابەشکردنی گەنج و چین و توێژی کۆمەڵن، بە مەرامێکی تایبەت لەنێوان خۆیاندا, بەتایبەتی سەنتەرێکی رۆشنبیریی بوودجە سێ ملیۆنی، تاکو ئێستا دارێکیان نەخستۆتە سەر بەردێك، لەمەش زیاتر ئەوانەی بەهرەمەندن و خەریکی کاری هونەرین لە خۆیانیان دوور دەخەنەوە، هیچ شتێك بەلایانەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە پێڕی خۆیان بێت, بوودجەکەش بە نووسراو و وەسڵی ساختەیە بۆ ناو بەرکی قاپوتەکانیان .

* مامۆستایەکی ٢٧ ساڵ خزمەت باوی، چەند رۆژێك لە مەوبەر ئەمری خودای کرد، تا ئەو ساتەش یەك پارچە زەوی وەرنەگرت، چونکە زەوی دابەشکردن لەم شارە بە خزمەت و کارو پیشە نیە، زەوی وەرگرتن لەم شارە بەنووسراوێکە، لەوانەیە ئەو کەسەی ئەو نووسراوە بۆ دۆستێك یان بۆ لایەنێکی خۆی دەکات، جاران بەعسییەکی عەیار گەورە بوو بێت، لەوانەشە چەندین کەسی وەکو تۆ لە دەست نمونەی ئاوا راتانکردبێت بۆ ئەورووپا، برا رێڕەوی ژیان لەم شارە بە دەسەلاتە، گەر دەسەلاتداری برۆ زەوییەك دابڕەو بیکە بە خانوو، یارمەتیش دەدرێت، هەر لەبەر ئەوەی فۆرمێکی ئەندامێتیت پڕ کردۆتەوە، بروا دەکەیت ماوەیەك لەمەو بەر زەوی دابەشکرا لەم ناوچەیە، پیاوێکی موستەفیدو ژنەکەی (کە ژنی ماڵەوەیە)، هەردووکیان زەوییان بۆ دەرچوو .

*شتێکی ترت پێ دەڵێم سەرسام مەبە، بروا دەکەی ئەم ناوچەیە تاوەکو ئێستا باخچەیەکی لێ نییە بۆ پشودان، ئەو هەیکەلەی کە هەیە لە سەردەمی بەعس دروست کراوەو ئێستاش وێران بووە, ئەگەر بەرپرسێکیش بە رێککەوت ماڵەکەی خۆی هێناوە بۆ مەخموور، دوای ئەوەی خالێکی پاسەوانی و سیاجێکی تەلی درکاوی لە دەوری ماڵەکەی بازنە کێش کردووە، بزانە چ نیمچە پارکێکی لە ماڵەکەی خۆی دروست کردووە، گەر لێی دەپرسی، بۆ پارکێك لەم شارە دروست ناکەن، دەڵێ وەڵلا ئیمکانیەت نییە، یاخود ئاو نییە، بۆ خۆیشی بە فیکەیەك، ئاو لە دائیرەی ئاوباری دەهێنێت، منیش پێیان دەڵێم ئەگەر ئیوە بۆ خزمەتکردن هاتوونەتە ئەم شارە، دوومانگان دەست بە بوودجەی مانگانەکانتان و دوومانگ وەکو خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت نەوت و بەنزین و غاز لە بازاڕی رەش بکرن، پارکێك و بنکەیەکی ئینتەرنێت دروست دەکەن و لەو بڕوایەش دام هەندێك قڕان و مڕانیش دەمێنێتەوە .

هەر لەم گفتوگۆیانەدا بووم، کۆنە هاورێیەکم کە سەردەمی خۆی لەم شارە خوێندنی تەواو کردووەو لە پیشەسازی مەخموور لە بەشی ناوخۆیی دەمایەوە، دیاربوو زۆر یادگاری لەم شارە جێهێشتبوو، کە لە شەوانی رابردوو زۆر قسەمان کردبوو دەربارەی ئەم ناوچەیە، لەپڕێك زەنگێکی بۆ لێدام و وتی ئەرێ برا مەخموور نەگەڕاوەتەوە سەرشاری هەولێر،ئێستاش سەر بە ئیدارەی موسڵە..؟، منیش وتم برا مەخموور چ پەیوەندییەکی بە شاری موسڵەوە هەیە، ئێستا هەرچی فەرمانبەر هەیە کە جاران سەر بە مووسڵ بوونە گەڕاوەتەوە سەر پارێزگای هەولێر، شاری مەخموور ئەگەر وێران بێت، مووسڵ ئاگای لێنیە، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئێراقیش سندووقەکانی مەخموور ژمێر نەکرا، ئەوەی ماوە تەنها ئەو پارەیە کە مانگانە موسڵ بۆ مەخمووری رەوانە دەکات، ئەوەندەی منیش تاوەکو ئێستا گوێبیستی سەرفکردنی ئەو بڕە پارە زۆرە بوومە، تاوەکو ئێستاش هەر شەقامەکانی پێ پینە دەکەنەوە .

# مێگەلە موتیعەکانی سوڵتان..!

**سەلاح سەعدی**

دەبێ مێگەلە موتیعەکانی سولتان هەمیشە باعەیان بێت، نابێ کەسیش تێبگات کەئەم باعە بەعە لەبەرچییە، لەخۆشیانە یان لەتاو ئازارو ئێش، وای بەحاڵی ئەومەڕەی لە نەریتی مێگەل بچێتە دەرەوەو بیەوێت لە دەرەوەی پاوان و مێرگەکانی سولتان یاخییانە بلەوەرێت، لە رێزی مێگەل وەدەردەنرێت و مافی ئەوەی نییە وەکو قوربانیش خوێنی لەبەردەم پێی حەزرەتی موکەڕەمی سوڵتاندا برژێت.ئەگەر مەڕێك بیەوێت ساڵ بێت و ماستەکەی بۆ ماستاو بشێت و سەرتوێژەکەی ئاوی زاری کرێاران بهێنێتە خوارەوەو لە دوارۆژدا گورگ نەیخوات، دەبێ لەشادیداو لەکاتی پێکەنیندا، لە کۆڕی گریان و ماتەم و شیندا و تەنانەت لەکاتی دەستبازی لەگەڵ بەرانەمێیەکاندا سوڵتانی هەر لەبیربێت، چونکە سوڵتان هەست بە کەموکوڕیی دەکات و گرێی دەستبەسەر داگرتن و قۆرغ کردن تەواوی وجودی داپۆشیوە. بۆیە ئەگەر زەقنەبووت و ژەهری ماریشی دەرخوارد بدرێت، دەبێ تەنیا باعەی بێت و هەیها ! لەو مەڕەی گلەیی لە بێخێریی پاوان و کەمی و خراپیی ئالیك و هۆرو مۆڵگەی خۆی بکات، نەك خۆی حەفتاو حەفت پشتیشی خائینی لە بابێ خائینن و بەرژەوەندی بالای مێگەل تێك دەدەن و سفری پاش فاریزەی حیساباتە ئالیکیەکانن هیچ مەڕێك لە مێگەلدا لە باعەباع کردن زیاتر بۆ سوڵتانی کەون و کائینات بۆی نیە هیچ گۆرانیەك بچڕێت، هەر مەڕێکیش گەر بیەوێت لەخۆی تێك نەدات، نابێ لەگەڵ مەڕەکانی دیکەدا، بە جەماعی بلەوەڕێن چونکە سوڵتان مەخلوقێکی بەد گومانەو حەزناکات دوو مەڕ سەریان لای سەری یەکتر بێت، وا هەست دەکات پیلانێك لە دژی سوڵتان و مێگەڵگاکەی لە گۆڕێ دایە. بۆیە ئەگەر دەتەوێ مەڕێکی بێوەی بیت باشترە بە تەنیا بلەوەڕییت، جا فەرمانگای مەڕێکی بێ ئەمەك هەیە پیلان لە دژی سوڵتاندا دابڕێژێت..؟ ئەی فەزڵی سوڵتانیان لەیاد چوو کە لە کەڵبەتیژەکانی گورگەکانی دەورروبەر ئەوان دەپارێزێ. گورگیش لەلای سوڵتان تا ئەو شوێنە جێگای رقە کە بیەوێت مێگەڵگاکەی داگیربکات و گۆشتی ناسکی بەرخ بخوات و ماستی مەڕەکان بفرۆشێت و سوود لە پێستەکانیان وەربگرێت، دەنا گورگ زۆر بەسوودە بۆ ئەو، هەر هیچ نەبێ مێگەلەکەی پێ دەترسێنێ، بۆیە ئەگەر بتەوێت مەڕێکی فامیدەو دونیا دیتە بیت، هەردەبێ خۆت بە عەباکەی سوڵتانەوە شۆڕبکەیتەوەو هەموو خەون و ئاواتێك بەرەزامەندیی ئەو ببەستیتەوە، چاو لەو میگەلەلانەش مەکە کە ئێستا خاوەنی باعەی خۆیانن و بە ئارەزووی خۆیان سەربەستانە دەباعێنن و بەقەد پێویستیی ورگیان و بەقەد بەرهەمی شیرو پەنیرەکانیان دەخۆن، ئەگەر مەڕێکی ئاقڵ بێت ئەو هاوکێشەیە لنگاو قووچ بکەیتەوەو تەنیا ئەوەندە بەسە سوڵتان لێت رازی بێت، ئەگەر گوانەکانت تڕپی تەڕاییشیان تێدا نەمابێ، ئەوا تۆ خواردنت رێواسەو خواردنەوەت ئاوی موقەتەری حەیاتەو، شوێنی خەوتنت لۆکەو هەریرەو، دەتوانی پشتەپێ لەوشوانەش بدەی کە باسی لاوازیی و کەم شیریی تۆی لەلای سوڵتان کردووە. ئینجا با ئەوەشت پێ بڵێم: لەمەملەکەتی سوڵتاندا شوان و بەرخەوان هەر بوونیان نیە، بەڵکو تەنیا گوێچکەیەکی پاشان و چۆنیەتی باعە باعەکەت بۆ پاشا دەگێڕنەوە، دەنا ئەو شوانانە لە ژیانیاندا گەرمیان و کوێستانیان بە ئێوە نەکردووەو لەدوای لەوەڕگای بەپیت و تەڕوبڕ نەگەڕاون، تەنیا شوانێك کەبوونی هەبێ سوڵتانە، هەم شوان و هەم سوڵتان، تاجی سەر سەری هەموو مەڕەکانی مێگەڵگا ! ئەگەر مەڕێکی فامیدەشی تاپێت دەکرێ نەفرەت لەو مەڕانە بکە کە رۆژێك لە رۆژان باسی زوڵمی سوڵتانیان کردووە، ئەوانیش ئێستا پەشیمانن و زۆربەیان چوونەتە رێزی مەڕەکانی سوڵتانەوە، چونکە سوڵتان نەك لەوەڕگا بەڵکو دابینکەری هەواگەو هەناسەگەو خۆزگەکانتانە.. بەس پشتی سوڵتان بگرە دەتوانیت بەقەد یەك مێگەڵ لە مێرگەکان بخۆیت و دەبیتە پێشڕەوی بەرانە مێیەکان. دەکەواتە بابابابابابابابابابابابابابااع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع ع لەپێناو گەورەیی و دەسەلاتی سوڵتان .

# مەخموور لە گەشتەکەی(نۆڵد)ی ئەڵمانی ساڵی(١٨٩٢) دا




**بەختیار پالانی**

زۆر دەمێکە دەمەوێ لەسەر مێژووی شاری مەخموور بنووسم،بەلام لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی زۆر لەبەردەست دانییە،بۆیە ئەم بابەتەم دواخست، بەلام کاتێك گەشتنامەکەی (بارۆن ئیدوارد نۆڵد)ی ئەڵمانیم خوێندەوە کە بەناونیشانی((گەشتێك بەعەرەبستان وکوردستان وئەرمەنستاندا)) یە، بەشی دووەمی گەشتەکەی لەلایەن (د.حەمید عەزین)وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

ئەم کتیبە گەشتەباسێکی (جوگرافی،مێژوویی)بە بەشێوەی یاداشت بلاوکراوەتەوەو زۆر زانیاری وردو گرنگی دەربارەی مێژووی ئەوسەردەمەی کوردستانی تێدایە، بەتایبەت دێمە سەر ئەو بەشەی کە باسی مەخموور و دیبەگەی کردووە، پێش ئەمە دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو گەشتەی (نۆلد) لەدەورروبەری ساڵی(١٨٩٢)دا بووە. سەرەتا ئەم گەشتیارە ئەڵمانیە باسی دیبەگە دەکات کە ئەوکات بەوێدا تێپەڕیوە لەمبارەیەوە دەڵێت "بەمەزەندەی من لەم ناوچەیەدا (٣٥٠٠) تا(٤٠٠٠) کەسی سەر بەخێڵی دزەیی دەژین و بەپێی ئەو خانوویەرەی خەڵك لێرە هەیەتی و ئەو ئاژەڵ و چێڵ و گاوان و رەشەولاخانەی بەرچاو دەکەون خەڵکەکە دەبێ دەست رۆیشتوو و تێروتەسەل بن" ، هەروەها دەڵێ "ئەو ولاخە بەرزانەی من لێرە دیومن رووی ئەوەیان هەیە لەپێشانگاکاندا نیشان بدرێت ".

دواتر باسی چیای قەرەچووغ دەکات و دەڵێت " قەرەچووغ زنجیرە چیا و بەرزاییە لە هەندێ لاوە دیمەنێکی رۆمانسی هەیە، بەتایبەت لەو دۆڵ و نشێویەدا،(مەبەستی دەرگای بازاڕگەیە) کەدوور لە ئاواییەکان گۆڕستانی لێیە(مەبەستی گۆڕستانی حوسێنە غازییە) ". دواتر دێتە سەرباسی مەخموور و دەڵێت " هەرکە لەو نشێوی و دۆڵەی قەرەچووغ دەرباز بووی دەست بەجێ مەخموور دێتە بەردەست " و لەباسی (قشڵە)ی مەخمووردا دەڵێت " لە مەخموور قشڵە (سەرا)یەك دروستکراوە نزیکەی(٢٠٠٠٠)مارکی ئەڵمانی تێچووە، خانووێکی سەخت وقایم و پوختەیە، کاریەدەستانی بەڕێوەبەری مولکی میرییەو جەندرمەی تیادا دەژین، لە درێژەدا دەڵێ " ئەم قشڵە سەختە تەنیا یەك دەروازەی قایمی ئاسنی هەیە بەبێ پەنجەرە، لەهەرچوارلاوە کون لەدیوارەکانیدا بەدی ئەکرێن، ئەم کونانە ئەتوانرێ لەلایەن (٤٠-٥٠)جەندرمەوە بەکاربهێنرێن بۆ تەقەکردن لە چەتەو رێگرو هێرشی پیاو خراپان ".

دواتر جارێکی دیکە دێتەوە سەرباسی مەخموور دەڵێ " مەخموور کەوتۆتە نێوان دیبەگە و وادی بیشارە واتە لەهەرلایەکەوە نزیکەی(٢٨)کم دوورە ".

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینییە لەو کاتەدا خەڵکی مەخموور بەفریای ئەو گەشتیارە ئەڵمانیە کەوتوون و یارمەتیان داوە هەروەکو خۆی دەڵێ " ئەمجارە مەخموور لە لێقەوماندا فریام کەوت و داڵدەی دام و بوو بە پەناگەم ".

لەکۆتایی گەشتەکەی (نۆڵد)ی ئەڵمانی بە مەخمووردا باس لەوە دەکات لەو کاتەی بە مەخموور تێپەڕیوە با و باران و تەرزەیەکی زۆر باریوە وەك دەڵێ "هەرکە گەیشتمە مەخموور و پێشەنگی کاروان خۆی بێڕەوا کرد، تەرزەی تایین وەك کوندەی سەر بەرەو ژێر ئاسایی دەستی بەبارین کرد، هەر کلۆ تەرزەیەك ئەوەندەی گوێزێکی باش بووە"، دیسانەوە دەڵێ " ئیتر خێرا خۆمان بە مەخمووردا کردو قوتار بووین بەبێ ئەوەی تاکە ولاخێکمان هیچی لێبێت یاخود تاکە کەسێك ئازاری پێ بگات ".

ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە کە پێویستە لەسەر هەمووومان هەرچی شوێنەوارو ئاسەواری کۆن هەیە بیپارێزین، چونکە هەموو ئەمانە بەشێکن لە مێژووی ئەو شارە کوردییە، بەتایبەت هەردوو قشڵەی (مەخموور) و (گوێڕ)، پێویستە بەرپرسانی ناوچەکە دەست بەجێ کار بۆ ئەوە بکەن نەهێڵن دەستکاری ئەم قشڵەیە بکرێت، نەخاسمە تێکبدرێت، هەر کارێکی لەو جۆرە پێم وایە بریتییە لە شێواندن و تێکدانی مێژوو و جوگرافیای ناوچەکە و کوردستان بەگشتی.

مەخموور پەروەردەی شاخ و داخی تۆم
ئاوی بێستان و رەز و باخی تۆم
هیچ کام لە ئێمە بێ یەکتر ناژین
تا دوا هەناسە من لە ئاخی تۆم

**سالار سیامەند**

# دوای چوار ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئازادی ، ئایا زامەکانی خەڵکی دەڤەری مەخموور سارێژبوون..؟

دەڤەرێك برینەکانی دیرۆکی یەکەم خوێن لێچۆڕانی لە یاد نەماوە، گەنیوی ئازارەکانی سەر بووردەیەکن، هەرچی بۆی گێڕدرابێتەوە هەراسانی کردووە، لەولاوەش قاسپەی کەوەکانی قەرەچووغ، سەمفۆنیایەکن بۆ لایلایەی ئەم هەموو مەینەتی و وێرانییەو کەرە نایەکیشن قاوی دوژمنانی دەدەن . دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بە سەر ئازادیی دەڤەری مەخموورو قەراج و کەندیناوەو گوێڕ، چ وەکو خاك چ وەکو خەڵك، هێشتا تۆزی مەینەتییەکانیان لێ نەتەکاوە، ئەوەندەی کراوە تەنیا سڕینی فرمێسکی منداڵێکی ئاوارەو دەربەدەرکراوی ساڵانی (١٩٨٧، ١٩٨٨) ـە، بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، ئەی کوا قەرەبووی خوێنی شەهیدان و جەرگ سووتانی دایکان، کوا قەرەبووی چەند ساڵەی داگیرکردنی زەوی جوتیاران و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی خەڵکی دەڤەرەکە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکان ، بۆ ئەم مە بەستەو چەندین پرسی تر، لەم ڕیپۆرتاجەدا تەواوی بەرپرسانی ئیداریی، مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەری و چەند هاوڵاتییەکمان دواند:

**ڕیپۆرتاژ: شێرکۆ مەحموود - پەروەر پالآنی**

سەرەتا **(عەبدولڕەحمان بێلاف)** قائیمقامی قەزای مەخموور نایشارێتەوە کە لە سەرەتای ئازادیی دەڤەرەکەدا، ئەمریکییەکان (cpa)، ڕێگایان بە حکومەتی کوردستان نەداوە هیچ پڕۆژەیەك بۆ دەڤەرەکە بکەن، و بە هۆی (٣٥) ساڵ لە پەیڕەو کردنی سیاسەتی تەعریب لەلایەن ڕژێمی رووخاوەوە، قائیمقام قەزای مەخمور بە " گوندێکی کاول بووی وێرانبوو " ناودەبات، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ توانەوەی دەڤەرەکە لە نێوان دوو ئیدارەیی، حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی کوردستان .

هەروەها سەبارەت بە سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب وتی " گەورەترین دەسکەوت و پڕۆژە،ڕاکردنی عەرەبە هاوردەکان بوو لە ناوچەکەو دواتریش تێکدانی کۆمەڵگەی (نصر) ی عەرەبی بوو دوای پێکهێنانی لیژنەیەکی (٣٠) کەسی کە (١٥) کوردو (١٥) عەرەب بوون لەژێر سەرپەرشتی ئەمریکییەکان و شێخ مەلا عومەری موفتی گەیارەش دەورێکی باشی هەبوو"، ئەنجامدانی ئەم کارەش بە سەرکەوتوویی بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی لە وەزارەتی ناوخۆو زیاتر دەڵێ" (٦١١) فەرمانبەری تەعریبیش کە لە مەخموور بوونە، گواستراونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان " .

ئەو پڕۆژە خزمەتگوزارییانەی کە لە ناوچەکە ئەنجام دراون بەم شێوە خستە روو " دروست کردنی (٢١) قوتابخانەو لێدانی (١٠٠) بیری ئاو بۆ

**قائیمقامی قەزای مەخموور: هەتا دوێنێ دەستێوەردانی حیزبی هەبوو، لەمڕۆوە نەما**

گوندەکان و دروستکردنی بازاڕێکی نوێ ی هاوچەرخ، نۆژەنکردنەوەی زۆربەی دام و دەزگاکان و دابەشکردنی (٨٠) موەلیدەی کارەبا بۆ گوندەکان و نۆژەنکردنەوەی سەر لە نوێی (٥) گوندو دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو، خوێندن کردنەوە بە کوردی و دروستکردنی پڕۆژەی ئاوی گاوەرە، کە(٧٠٪) ی کێشەی ئاوی مەخموور چارەسەر دەکات و نۆژەنکردنەوەی سایلۆی مەخموورو دامەزراندنی (٢٠٠٠) فەرمانبەرو کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش ".

لە بەرسڤی پرسیاری ئایا بودجە لە لایەن موسڵەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بۆ مەخموور دابینکراوە ؟، وتی" تا ئێستا دیاری نەکرابوو، بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٨ موناقەشەی بوودجە دەکرێت و من و بەڕێوەبەری هەرسێ ناحیەکان تیایدا ئامادە دەبین "، بۆ پڕۆژەی داهاتووش ڕایگەیاند کە " بڕیارە ئەم ساڵ نەخۆشخانەیەکی گەورە بۆ مەخموور دروست بکرێت، لەسەر بودجەی ساڵی(٢٠٠٦)یش تەنها کۆڵانەکانی گەڕەکی کوردستان کۆنکریت کراوە " .

لە ساڵانی هەشتاکاندا (٨٠) خانوو لەمەخموور تێکدران و تا ئێستا هەروەك خۆی ماونەتەوە، قائیمقام وتی " ویستمان شتێکیان بۆ بکەین بەڵام دیارە کە ئەم (٨٠) خانووە بوو بە (٢٠٠) خانوو، نایەکسانی تێکەوت، بۆیە هیچیان بۆ نەکراوە، بەڵام لە بەرنامەماندایە لە ڕێگەی حکومەتی کوردستان، تەنیا ئەو (٨٠) خانووە یائەوەتا دروست بکرێنەوە، یا قەرەبوو بکرێنەوە"، لە پرسیاری ئەوەی دەست خستنە



**نەبەز عومەر**

نێو کاری ئیداری لە لایەن حزبەوە بەدی دەکرێت، راشکاوانە وتی " هەتا دوێنێ دەستێوەردانی حزبی هەبوو، بەڵام لەمڕۆوە نەما، ئەمەش بەهۆی هاتنی بەڕێز ئەحمەد کانی بۆ مەخموور، وەك بەرپرسی لقی (٢٣) ی پارتی، کە کەسایەتییەکی لێهاتوو و ڕۆشنبیرە" .

وەك خۆ ئامادە کردنیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، قائیمقام دەڵێت " ئۆفیسێك لە مەخموور کراوەتەوەو لە ناوەراستی مانگی نیسان، دەستبەکار دەبێت" لە دوماهیدا قائیمقامی مەخموور هیوای خواست، کە ئەو سەنتەرە ڕۆشنبیرییانەی لە مەخمووردا هەن، کاروچالاکی بنوێنن و واز لە ململانێی حزبی بێنن و هەڵبژاردن بۆ پۆستەکانیان ئەنجام بدەن"، ئەم ئومێدەی جەنابی قائیمقاممان کردە پرسیارێك و ئاراستەی هونەرمەند **(جەمیل سنجاوی)** جێگری بەرپرسی (سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ) کردو ئەویش بەم شێوە وەڵامی داینەوە کە " لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٥ بە شێوەیەکی یاسایی کۆنفرانسمان ئەنجامدا، بڕگەکانی کۆنفرانسەکە هەمووی بەڕێوەچوون، تەنیا بڕگەی پرۆسەی هەڵبژاردن نەبێت، ئەویش لە بەر ئامادە نەبوونی دادوەر . پاش سەردانی پارێزگای هەولێر- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ- هۆبەی کۆمەڵەکان،بە نووسراوی ژمارە (١٣٨٤٩) لە ٢٠٠٦/١٢/١٣ ئاگادار کراینەوە کە هەڵبژاردنەکە بۆ مانگێك دوا خرا، کەچی تا ئێستا هیچ دیار نیە، ئێمە لە رووی یاساییەوە هیچ کەموکوڕییەکمان نیە، نازانین ئەم هەموو دواخستنە بۆ چی، هیوادارین ئەم ئاستەنگانە نەهێڵدرێ چونکە باوی ئەوە نەماوە".

هاوڵاتیان **(عەدنان فەرەنسی)** و **(عەبدولقەهار ساڵح)** دەڵێن"ئەوەی لە مەخموور کراوە لە ئاست تامەزرۆی خەڵکی دەڤەرەکە نیە، چ لەرووی خزمەتگوزاری پەروەردەیی یا تەندروستی یا کشتوکاڵی و بۆ



**عەبدولڕەحمان بێلاف**

گەنجانیش، سەنتەرەکان بەپێی پێویست نین و نەبوونی قاوە خانەی ئەنتەرنێت و کتێبخانەی گشتی کێشەن".



**ئیبراهیم شێخەڵڵا**

ئەگەر بینین پێوەرێك بێت بۆ چەندێتی خزمەتگوزاری، ئەوا ناحیەی دیبەگە ئەو شوێنەیە کەزۆرترین خزمەتی پێوە دیارە،بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم کارانە **(ئیبراهیم شێخەڵڵا)** بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە، پڕۆژەکانی ناوچەکەی لەم خاڵانە چڕ کردەوەو وتی" لە سەرەتای ئازاد کردنی ناوچەکە دامو دەزگا حکومیەکانمان دامەزراندەوەو فەرمانبەرمان بۆیان دیاری کرد . پاشان ئەم پڕۆژانە لە میانەی ئەم چوار ساڵە ئەنجامدران، ڕێگاو بانی گوندەکان، لێدانی بیری



**ئیسماعیل عەبدوڵڵا**

ئاوو تۆڕی ئاو بۆ گوندەکان، دروستکردنی چەندین قوتابخانەو تۆڕی ئاوی دیبەگە، دابینکردنی موەلیدەی کارەبا بۆ زۆربەی گوندەکان، نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی ناو دیبەگە، نۆژەنکردنەوەی پڕۆژەی ئاوی منارە، دروستکردنی یاریگایەکی وەرزشی هاوچەرخ، قیرتاوکردن و شۆستەکردنی ناو دیبەگە، دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی، نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتی و کۆگاکانی هۆبەی کشتوکاڵی و (٦٣) دوکانی شارەوانی و گەراجی شارەوانی و فەرمانگەی تەندروستی و دابینکردنی ئەمبولانس، دروستکردنی بنکەیەکی پۆلیس و سیاج کردنی گۆڕستانەکان، نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەو (٨٠) خانووی هاوڵاتیان و

دروستکردنی (٦٧) خانووی تریش لەلایەن ڕێکخراوێکی ئیسپانی و هەڵکەندنی چوار بیری ئاو بۆ دیبەگە . لەم نزیکانەش چەندین پارچە زەوی نیشتەجێبوون دابەش دەکەین و نەخۆشخانەیەکی گەورەش لەم نزیکانە دروست دەکرێت"، سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیش وتی" لە (٤٤) گوند ئێستاکە (٣٤) گوندمان ئاوەدانە" .

ئەوەی لە شارەدێی دیبەگە مقۆ مقۆی لە سەر بوو، دابەشکردنی ئەو (٦٧) خانووەیە کە بەڕێوەبەری ناحیە باسی لێوە کرد، هاوڵاتییەکی زۆر خۆیان بە ماف خوراو دەزانی، بەڵام وەك نموونەیەك بۆ ئەوانی تریش **(قادر عومەر ئاشەوان)**مان دواند، وتی " سەرەتا لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری ناحیە لەگەڵ خەڵکەکە، وتیان ئەم خانووانە بەو کەسانە دەدرێت کە خەڵکی دیبەگەن و کاتی خۆی تەرحیل کراون، ئەگەرچی خانووەکان بە خەڵکێك دران هەرگیز خەڵکی دیبەگە نین و لە وێش تەرحیل نەکراون"، هەروەها ئاماژەی بە چەند ماڵێکی تری ناوچەکە کرد کە خێزانداری گەورەو قەرەباڵغن، کەچی بێبەش کراون وەك خۆی دەڵێ ماڵی خۆی و دوو



**زاهیر عوسمان**

کوڕی لە ناو خانوویەکی (٣) ژوورییەو وێڕای ئەوەی بەڵێنیان پێدرابوو کە خانوو بە یەکێ لە کوڕەکانی بدەن،کەچی پێیان نەدان،هەروەها لە درێژەدا وتی " نزیکەی ١٧-١٨ خانوو دراوە بە خەڵکی عەشیرەتی سیان (کە ئاماژەیە بە خزمایەتیان بۆ بەرپرسی ناوچەو بەڕێوەبەری ناحیەو بەڕێوەبەری شارەوانی)" لەوانیش دوو ناو زەق دەکاتەوەو دەڵێ" (تاهیر هادی) کە خەڵکی بە زۆر دەکردە جەیشی شەعبی بۆ ڕژێم، خانووی پێدراوە. دووەم کەس (ڕەزاقی مام حەسۆ) خانووی خۆی



**عەبدولقەهار ساڵح**

هەیە لە بیرەبات و لە دیبەگەش خانووی پێدراوە، ڕزگاری ئامۆزاشی بە هەمان شێوە، هەتا ماڵیشی لێرە نیە"، لە کۆتایدا وتی " ئەگەر ڕاستیان دەکرد با ناوی خەڵکێکی گەڕاوەی دیبەگەیان بنووسیبوایەو بیانکردایەتە تیروپشك"، ئەم گلەییەمان ئاراستەی بەڕێوەبەری ناحیە کردو، لێمان پرسی کە ئایا پێیوایە ئەم دابەشکردنە باشترین شێوازی دابەشکردن بوویێت ؟، وتی " ئەوە ڕەت دەکەمەوە کە ئەم خانووانە لە سەر بنەمای عەشیرەتگەری دابەشکرابێت و باشی و خراپیەکەش ڕێژەییە"، دەمێنێتەوە بڵێین لە دیبەگە کێشەی کەم ئاوی هەیە، **(زاهیر عوسمان)** بەڕێوەبەری ئاوی دیبەگە دەڵێ" گرفتی کارەبامان هەیە لەسەر بیرەکان، کارەبای پێویست

لە بیری منارە نییە، ئەمیش لەبەر ئەوەی کارەباکەی لە قوشتەپەوە دێت . موەلیدەیەکی کارەبایان پێداوین و مانگانەش تەنیا(١٠٠٠) لیتر گازمان پێدەدەن، کەواتە دەبێ ڕۆژێ دوو کاتژمێر کاربکات،کە ئەمەش بەشی ئەو خەڵکە ناکات" ، چوار بیر هەڵکەندراوەو کارەبایان بۆ نەگەیاندووە، ئەگەر تا وەرزی هاوین تەواو نەکرێت، ئەوا گرفتی بێ ئاوی زیاتریش دەبێت.

بە هەر حاڵ ڕوومانکردە ناحیەی گوێڕو **(نەبەز عومەر)** بەڕێوەبەری ناحیە، سەبارەت بە کارو چالاکییەکانیان لەو چوار ساڵەی رابردوو، وتی " ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا توانرا کێشە کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکرێن، کە ڕژێمی بەعس لە نێوان کوردو عەرەب دروستی کردبوو، ساڵی (٢٠٠٤- ٢٠٠٥)یش توانرا ئاو و کارەبا بە شێوەیەکی سادەو بە پێی پێویست، بۆ ناو ناحیەو گوندەکان دابین بکرێت . بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ پڕۆژەکان زیاد بوون وەك (قیرتاوکردنی ناو ناحیەو جووت سایدی گوێڕو دروستکردنی قوتابخانە بۆ گوندەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لەلایەن پەروەردەی مەخموورو



**ئەحمەد حەمەد**

کۆنکریتکردنی کۆڵانەکان و چاککردنەوەی یاریگای گوێڕو دروستکردنی سەنتەری ڕۆشنبیریی و پڕۆژەکانی شارەوانی لە ئاوو ئاوەڕۆ، هەروەها بە دیوارکردنی گۆڕستانەکان و دابینکردنی (٥) ترومپای ئاوی گەورە، کە ناو گوێڕو (١٢) گوند ئاو دەدات، لەگەڵ دابینکردنی چەندین محەویلەو پێداویستی کارەبایی"، هەندیك لەو پڕۆژانە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە کراون، وێڕای خۆشحاڵییان بە هاریکاریکردنی پارێزگای هەولێر بۆ ناوچەکە، بەڵام وتی " وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم زۆر هاریکار نین "، و بە شێکیش لە پڕۆژەکان لەسەر بوودجەی پارێزگای موسڵ ئەنجام دراون، وتیشی کە بەشە پارەی هەریەك لە " ناحیەکانی قەراج و کەندیناوەو گوێڕ، ملیارێك دینارەو بڕی پارەی قەزای مەخمووریش ملیارێك و نیوە، بۆ ساڵی ٢٠٠٦ " ، کەچی بوودجەی ٢٠٠٧ وەك قائیمقامی مەخموور تیشکی خستە سەر، لە بەرواری ٢٠٠٧/٣/٢٨ دیاری دەکرێ .

سەبارەت بە هەڵدانی ئاڵای ئێراقی لە سەر بینایەی ناحیەی گوێڕ، بەڕێوەبەری ناحیە وتی " بە ئاگاداری سەروی خۆمان بەرزمان کردۆتەوە، لەبەرئەوەی ئێرە تایبەتمەندیی خۆی هەیە" .

دواتر ڕوومانکردە ناحیەی قەراج و پرسیاری بەڕێوەبەری ناحیەکەمان کرد، وتیان کە نەساغەو نایەتە دەوام، لەگەڵ هیوای چاکبوونەوەی، کاك (هەژار) بەرپرسی ئاسایشی قەراج لە شوێنی دەوام دەکات، بەڵام ئەویش بە کار دەرچوو بوو . ناچار بەنێو بازاڕەکەیدا شۆڕ بووینەوەو لە دوکانی خۆیدا**(ئیساعیل عەبدوڵڵا)** کە بەڕەگەز عەرەبە، لەسەر گوزەرانی خەڵکەکەو ماددەی (١٤٠) و گەڕانەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکان وتی " من مامۆستام گەر لە کارەکەمدا پێداویستییەکان تەواو دابین بکرێت، ئەوا منیش دەتوانم کار بکەم بە باشی، بەڵام نەبوونی پێداویستی قوتابیان و

**بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ : هەڵکردنی ئاڵای عێراق لەسەر تەلاری ناحیەکەمان بە ئاگاداریی سەرووی خۆمانە**

نەبوونی ئاوی خواردنەوەو ئاودەستی تەندروست، وادەکات پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبێت، بۆ گەڕانەوەمان بۆ سەر هەولێر یا موسڵ بۆ من هەردوولا هەر یەکن" (دوای هێنانەوەی زۆری شێرو ڕێوی بۆی) ئنجا وتی " لە رووی ئەمنییەوە هەولێر باشترە"، هەروەها مامۆستا **(عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان)** بەڕێوەبەری قوتابخانەی برایەتی سەرەتایی قەراج، ئەویش لە سەر بارودۆخی ناوچەکە بەم شێوە هاتە ئاخاوتن " ئەگەر بەراورد لە نێوان ناحیەکانی ترو ناحیەی قەراج بکەین، ئەوا دەبینین کەمترین خزمەتی بەرکەوتووە، دەبینیت کە قەراج بە یەکجاری کاول و وێران بووە، لە ناو ناحیە تەنیا هۆڵێکی بۆنە ئاینییەکان دروست کراوە، لە رووی پەروەردەییەوە، قوتابخانە دروستکراون بەڵام مامۆستای کەمە, پێداویستی قوتابیان کەمە، بۆ نموونە قوتابی (٦) قەڵەم و (٣) دەفتەری وەرگرتووە، شتێك نەکراوە ببێتە هۆی گەڕانەوەی خەڵك، لێرە حکومەت زەوی بەسەر خەڵك دابەش ناکات بۆ نیشتەجێبوون و دوکان، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە خانووی تەجاوز دەکەن و ئەوانیش ئیشیان باشە، ئەمساڵ هەندێ کۆڵان کۆنکریت کراون و شۆستەیان بۆ کراوە،گەنجان لێرە لەبەر نەبوونی یاریگاو سەنتەری ڕۆشنبیری، زۆربەیان لە ڕێگا لایانداوە" ، کەمی ئاویش گرفتی سەرەکی ناوچەکەیە بۆ ئەم مەبەستە وتی" جار وایە ١٥-٢٠ ڕۆژ ئاوی خواردنەوەمان نایەت"، هەوەها بنکەی تەندروستی دەوامی بەتەواوی تیادا ناکرێت و دەرمانی تیادا دەستناکەوێ، سەبارەت بە سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب وتی " ئیشی بۆ نەکراوەو زۆربەی فەرمانبەری فەرمانگەکان عەرەبن، وەك فەرمانگەی کارەبا کە هەر هەمووی عەرەبن، شارەوانی تەنیا فەرمانبەرێك یا دووانی کوردن، فەرمانگەی ئاو تەنیا کوردێکی تێدایە" لە کۆتایی قسەکانیدا وتی " داواکارین بەرپرسانی ئێرە ماڵەکانیان لێرە بێت، بۆ ئەوەی تێکەڵ بە ئازارو مەینەتییەکانی خەڵك بن، تا بتوانن بەباشی خزمەت بکەن" .

هەر لە ناحیەی قەراج چاومان بە **(ئەحمەد حەمەد عزیز)** بەرپرسی پێشووی فەرمانگەی باری شارستانی ناحیە کەوت، کە چەند ڕۆژێکە فەرمانی خانە نشینی دەرچووەو وتی " لە کاتی خزمەتم (١٠٥٠) خێزانی تەعریبم گەڕاندۆتەوە شوێنی خۆیان، ئێستا وەکو ناسنامە تەنیا (١٥٠-٢٠٠) خێزانی تەعریب لە تۆماری فەرمانگەکە ماون"، ئێستاکەش لە شوێنی ئەو عەرەبێك دانراوە.

ماوەتەوە بڵێین دوای پرسیارمان لە هەر سێ ناحیەو قەزای مەخموریش، بۆمان دەرکەوت کە تا ئێستا بۆ ماددەی (١٤٠) هیچ هەنگاوێك نەنراوە، کە ئەم مەسەلەیەش بۆ ئێمە زۆر گرنگە .

# ئافرەت و حەیران



جەمیل سنجاوی

ئەوەی راستی بێت ئەم لایەنە کەم باسی لێکراوەو بەهیچ شێوەیەك لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە، ئەوەی کە هەشە بەسادەیی ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ ئێمەش پێدەچێ ئەرکەکە تۆزێك قورس بێت و نەتوانین بەپێی پێویست ئەو لایەنە بەسەر بکەینەوەو بەقووڵیو فراوانی بچینە ناو ناخی ئەو باسەوە، دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەیە، یەکێ لەوانە نەبوونی سەرچاوەی تایبەتە کە لەم بابەتەی کۆڵی بێتەوە، دووەمیش بوونی ئەو کۆت و بەندە کۆمەلایەتییە کە بۆتە هۆی سنووردانان بۆ ئافرەت و رێگەگرتن لەئاشکرا کردنی بەهرەو تواناکانیان و بەشداریکردنیان لەپاراستن و خزمەتکردنی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. بە هەر شێوەیەك بێت ئافرەتیش شان بەشانی پیاو لە زۆربەی زۆری بوارەکانی ژیاندا بەشدارییان کردووەو شوێن پەنجەشیان دیارەو ون نابێت، (حەیران)یش وەك ئاوازێکی رەسەنی کوردی، چۆن بۆتە هۆکارێکی دەربڕین بۆ پیاوان، بەهەمان شێوەش وێستگەیەکی گرنگ بووە بۆ ئافرەتان کە بەهۆیەوە ئەگەر بەشاراوەیش بوویێ توانیوویانە هەست و سۆزیان پێدەربڕن و خەم و ئێش و ئازارەکانی خۆیانی پێ سارێژ بکەن، ئافرەت جگە لە(حەیران) زۆر بەسەرکەوتووی (گۆرانیو بەستەو بەیت و بالۆرەو سەردولکەو. . . هتد)یان گوتووە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین تەنها دوو لایەنە کە توانیبێتمان گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەوانەش یەکێکیان ناوهێنان و ناساندنی ئەو ئافرەتانەیە کە حەیرانیان گوتووە، دووەمیشیان تیشك خستنە سەر ناوەڕۆکی ئەو تێکستانەیە کە ئافرەت گوتوویانە.

### ئافرەت لەکۆڕی حەیرانبێژیدا

ئافرەتی کورد هەروەك چۆن شان بەشانی پیاو لە زۆر کارو پیشەی رۆژانەی کۆمەڵ بەشداری کردووەو رۆڵی خۆی گێڕاوە، بەهەمان شێوەش لەمەیدانی هونەردا درێغی نەکردووەو چەندی بۆی گونجابێت لەم بوارەدا خزمەتی بەپاراستنی فۆلکلۆری کوردی کردووە، یەکێ لەو بابەتە رەسەنانەی فۆلکلۆریش هونەری حەیرانە، کە بەهەست و سۆزێکی ناسکەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو خەم و ئێش و ئازارەکانی خۆی پێی رەواندۆتەوە.
ئاشکرایە ئافرەتە حەیرانبێژەکانمان لەبەر باری دواکەوتووی کۆمەڵ و نەبوونی ئازادیو داب و نەریت و کێشە کۆمەلایەتییەکان نەیانتوانیووە بەسەربەستیو ئاشکرا حەیران بڵێن و دەنگی خۆیان هەڵبڕن، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ئاوازو تێکستەکانیان تۆمار نەکرێت و زۆربەی زۆری ئەو دەنگانەش بەشاراوەیی سەر بنێنەوە.
ئافرەتی کورد لەبواری هونەری حەیراندا دەنگخۆش و بەتوانای گەلێ زۆر بوو، (خالد جوتیار) یەکەم کەس بوو بەکورتی باسی لەم لایەنە کردووەو ناوی چەند حەیرانبێژێکی ئافرەتی بۆ تۆمار کردووین لەمبارەوە دەڵێ: ((لەرووی ژنە حەیران بێژەکانیش مێژووی سەرفرازی سامانی نەتەوایەتیمان ناوی چەند ئافرەتێکی دەنگ خۆش و حەیران بێژمان بۆ تۆمار دەکات کە گەلێکیان مردوون و ئەوانەی ماویشن هێشتان کێشوەرێکی وونن من بەش بەحالی خۆم ئەم چەند ناوەم پەیدا کردووە دەشبێ خوێندەواری ئازیز هەریەکە چەند ناوێك بناسن، لەمانە.. دایکی عیمان حەیران کە دەنگێکی خۆش و پڕ جۆشی هەیە وەك دەڵێن حەیران بێژێکی لێ هاتووشە (من گوێم لێ نەبووە) (خەزال و خەجێ عبداللە)ش دەمێکە مردوون و دەنگیان ئێجگار بەسۆز بووە.. (ئامینە ئەحمەد)یش کە دوو حەیرانیم تۆمار کردووە نیشانەی دەنگ خۆشییەکی پڕ لەسۆزە))[1].
(خالید جوتیار) لەساڵی ١٩٧٨ ئەم چەند ناوەی تۆمار کردییەو کارێکی پیرۆزی ئەنجام داوە، دیارە لەو کاتەشدا تەنیا توانیوویەتی ئەم چوار ئافرەتە حەیرانبێژەمان پێ ئاشنا بکات، هەروەکو خۆی گوتەنی: ((دیار نەبوون و بزر بوونی ئافرەتان لەمەیدانی حەیران و لاوکدا دیسان هەر دەگەڕێتەوە بۆ دەردە کۆمەلایەتییەکە))[2].
(مەحموود زامدار)یش لە(دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی) ئەم چەند ناوەی سەرەوە دووبارە دەکاتەوەو لەگەڵ زیاد کردنی ناوێکی تر: ((مەنیج حەیرانی موکریانی– خەزاڵی حەیرانبێژ– خەجێ عەبدوڵڵا– ئامینەی حەیرانبێژ))[3].
(ئەحمەد حەیران)یش ئەم چەند ناوەی لەکتێبەکەی (دیوانی حەیران بێژان)ندا بلاو کردۆتەوە: ((حەیشێ عەبدوڵڵا سنجاوی لەگوندی عالڵا، حەلیم بادینی لەگوندی قەپران، ئامینە کولەندە لەگوندی باقرتی قەراج، زولێخا محمەد صالح لەگوندی خەرنەی کەندێناوە، عەیشێ ڕەحمان مکایل لەهەولێر خێزانی عوسمان حەیرانە، زبێد عەباس لەگوندی شۆڕەزەرتکە، شەمامێ مەحمودی لەگوندی مەلاکاغە، فاتەقیت لەگوندی شێخەلاس، سۆتە بندیان لەگوندی دێمەکار، هەمینی قالە هەنگری لەگوندی بنەسراوەی گچکە، فاتەسۆری حمەد عەلی لەگوندی خۆشاو))[4].
(سەعدوڵڵا شێخانی)یش ناوی چەند حەیرانبێژێکی ئافرەتمان بۆ تۆمار دەکات:(( (بەدیعە حەمەد کەردزی، خەجێ سەروەرێ، فاتمێ سەروەرێ، عەیشێ حەمەدۆکی، ئامەی زێخە، عەیشێ سلێمانی، قوماش بەدیعە، برایم سەرگەڕانی، عەیشانی عەزیزی کەنداری، مونیری برایمی حەمەدی، دۆتمامێ عولا چاربەردەیی، نایلەی ئەحمەد ئاغای مهێدی، زرێخ عەولا قادر دڕکەیی،و. . . هتد) ))[5].
کەواتە ئێمەی کورد خاوەنی چەندین ئافرەتی حەیرانبێژین کە رۆڵیان هەبووە لەناساندن و گەشەسەندنی ئەم هونەرە رەسەنەی نەتەوەکەمان، کە بەداخەوە رێگەیان پێنەدراوە وەکو حەیرانبێژە پیاوەکان دەنگ و ئاوازو تێکستەکانیان تۆمار بکرێ، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لێکۆڵەران و نەوەی نوێ لەکچان و کوڕانی بەهرەمەند سوودیان لێ وەرگرتبایەو درێژەپێدەری ئەم هونەرە رەسەنە بوونایە.

### ناوەڕۆك لەحەیرانی ئافرەتاندا

ئەگەرچی ئەم لایەنەی حەیران تارادەیەك وتارو باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، بەلام هێشتا لەئاستی پێویستدا نییەو، ئەوەی ئەنجامیش دراوە زیاتر پەیوەندی بەو تێکستانەوە هەیە، کە حەیرانبێژانی پیاو گوتوویانە، واتا ئەو حەیرانانەی ئافرەت گوتوویانە لەرووی ناوەڕۆکەوە دەقەکان شی نەکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بزاندرێ گوزارشت لە چ بابەتێك دەکات، ئەمەش دیارە هۆیەکەی بۆ ئەو کۆت و بەندو کێشە کۆمەلایەتییانە دەگەڕێتەوە کە ببوونە رێگر لەبەردەم ئازادی ئافرەت و ئاشکرا بوونی بەهرەو تواناکانیان، هەر ئەم هۆیانەشە وایکردووە حەیرانەکانیان چ لەرووی ئاوازەوە چ لەرووی دەقەوە تۆمار نەکرێت، ئەو دەقانەی کە لەبەردەستیش دایە زۆر دەگمەنەو ناتواندرێ هەموو لایەنەکانی بەسەر بکرێتەوە، بۆیە بەپێی ئەم سەرچاوەو تێکستانەی لەبەردەست دایە باس لەم لایەنەی حەیران دەکەین و چەندی بۆمان بکرێ مەبەستەکانیان دەخەینەڕوو.
(خالید جوتیار) بەر لەهەموو کەسێك بەکورتی باسی لەم بابەتە کردووەو دەڵێ: ((دانانەکە بەرەو هەستێکی غەریبی دەچێتەوە لەگەڵ ناگزوری کۆمەلایەتیو دەردی نەبوونی. مەسەلەی مەزارو شێخ و مشایەخ و جێ نەزرەگەی (لەمە چێتران) شوێنی خۆی پێوە دیارە))[6].
(خالید جوتیار)، هەرچەندە دەقی حەیرانەکانی بۆمان نەخستۆتەڕوو، بەلام وایپێدەچێ ئەو مەبەستانەی لەدەقەکانەوە هەلێنجا بێ کە لەزاری حەیرانبێژێکی ئافرەتی گوێ لێ بووەو تۆماری کردووە.
(احمد فقی رسول)یش سەبارەت بەم لایەنە دەڵێ: ((ئەم حەیران و بەستانەی خوارەوە هەندێکیان شەقلی ئافرەتیان پێوەدیارە، کە بەدەنگێکی پاراو گوتوویانە بەسەر خۆشەویستیو سروشت و جوانیەوە))[7].
ئینجا لەدوای دیاریکردنی ئەم سێ بابەتە لەرووی ناوەڕۆکی دەقەکانەوە، هاتووە چەند دەقێکی بلاو کردۆتەوە، ئێمەش بەپێی پێویست چەند نموونەیەکی لێ وەردەگرین:

**(( حەیران وەرە لە باسکۆڵەی بەگوێنێ**
**ئەوڕۆ سێ ڕۆژە زانیوومە..**
**کوڕە حەیرانێ من ژنێ دەهێنێ**
**خوایە ئەگەر لە من چاترەو جوانترە**
**بۆی پێك بهێنێ. . .**
**ئەگەر لە من چاتر نییەو، جوانتر نییە**
**بۆی پێك نەهێنێ. . .**
**یاخوا هەر ئاهو کەسران هەڵێنێ**
**لەدووای بالای من خێر لەخۆی**
**نەبینێ))[8].**

ئەگەر بەوردی لەدەقی ئەم حەیرانە بڕوانین دەبینین سۆزو هەستێکی خۆشەویستی تێدا بەدی دەکرێ، کە کچەتیمە حەیران بەرامبەر کوڕەتیمە حەیرانی خۆی دەریدەبڕێ، بۆیە خۆشەویستیەکەشی هێندە پاك و لەرادە بەدەرە گەیشتۆتە ئەو ئاستە ئەگەر بۆ ئەو نەبێت دوعایەکەی کاری لێ بکات و (خێر لەخۆی نەبینێ).
دەبا بزانین لەو دەقەدا کچە حەیران بە چ شێوەیەك گوزارشت لەهەست و سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ کوڕە حەیران دەکات:

**((حەیران وەرە لە خلێسکۆڵەی**
**سەرخانێ**
**شەدەیەکت بۆ هەڵدەگرم لەسەر دوکانێ**
**بیست و پێنج گەورە کچانت بۆ دادەنێم**
**لەسەر ڕیشوو بادانێ. . .**
**چبکەم کوڕە حەیران زویرەو لەسەر**
**ذانێ))[9].**

کچە حەیران لەم دەقەدا هەموو هەولێك دەدات بۆ ئاشتکردنەوەی کوڕە حەیران، ئەمەش ئەوپەڕی سۆزو خۆشەویستی دەگەیەنێت. کەواتە لە هەردوو نموونەکەدا بابەتی دلداری بەتەواوی رەنگی داوەتەوەو بۆتە لایەنێکی سەرەکی تێکستەکانی حەیران. هەروەها بابەتێکی تری گرنگی حەیرانی ئافرەتان بریتییە لە (شین و لاواندنەوە)، بۆ ئەم مەبەستە بابڕوانینە ئەم دەقە:

**((لەسەر مەزرایێ بەژن برندێ گەردەن**
**مینایێ،**
**کوڕ هەموو ڕۆیشتن دایك و خوشکیان**
**دانا لەخەمێ دنیایێ))[10].**

هەر سەبارەت بەم بابەتە (پورە خوچێ) لە حەیرانێکیدا دەڵێ:

**((حەیران سەرم دێشی درم بەبارێ**
**خەمان دەذارێ،**
**موریدو دەروێش سەرێ دوو سارانە**
**چەند عەبدارن لە دوو**
**بابێ عەبدولکەریمی شێخەکەی کاولە**
**مشارێ، بەخۆی رۆیشت**
**ئەمەشی بەجێ هێشت لە خەم و**
**تارێ))[11].**

بابەتێکی تری ناوەڕۆکی حەیرانی ئافرەتان بریتییە لە (پیاهەڵدانی مندال) وەکو لەم دەقەدا بەدیار دەکەوێت: ((حەیران حەیرانە خوایە لێم نەستێنی ئەو مندارە، ئازاو رەشیدو چالاك گەلە ئەهلی کارە، هەندە روح سوك و شیرنە داك و بابی ئەختیار بوو شەلەو کۆرە سەقەت بوو مەمنونتم یارەبی بەخێویان دەکا ئەو مندارە))[12].
کەواتە بەپێی ئەم نموونانەو سەرچاوانەی کە ئاماژەمان پێکرد بۆمان دەردەکەوێت حەیرانی ئافرەتان لەرووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم بابەتانە دەگرێتەوە: (دلداری، شین و لاواندنەوە، پیاهەڵدانی مندال، ئایینی، دەردی دووری، وەسفی جوانیو سروشت)، ئەمەو جگە لەچەندین بابەتی تر کە بێ بوونی دەق نەمانتوانی زیاتر ئەم لایەنە روون بکەینەوەو بابەتەکانی تر بخەینەڕوو.

سەرچاوەکان :
(١) خالد جوتیار، حەیران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨) ئادارو نیسانی ١٩٧٨، ل٧٣.
(٢) هەمان سەرچاوە. . . ل٧٣.
(٣) محمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی، چاپخانەی دار الحریە، بغداد، ١٩٨٠، ل١٦٦.
(٤) ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، مکبعە أسعد، بغداد، ١٩٨٨، ل١٤.
(٥) سەعدوڵڵا شێخانیو خالید جوتیار، حەیران و مەرگی غەریبان، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٢.
(٦) خالد جوتیار، حەیران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨)، ئادارو نیسانی ١٩٧٨، ل٧٣.
(٧) احمد فقی رسول، کورتە باسێك دەربارەی حەیران و بەستە، گۆڤاری بەیان ژمارە (١١٠)ی ئابی ١٩٨٥، ل٨٠.
(٨) هەمان سەرچاوە. . . ل٨٠–٨١.
(٩) هەمان سەرچاوە. . . ل٨١.
(١٠) سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سەربردەی کۆمەڵەحەیران بێژێکی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٨،ل٩٣.
(١١) غەفوور مەخمووری، حەیران چەمك –ناوەڕۆك– سەرهەڵدان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥٤.
(١٢) هەمان سەرچاوە. . . ل٥٥–٥٦.

jamilsnjawi@yahoo.com

# بۆچی ژنان لە بواری هونەرییدا کەم بەرچاو دەکەون.. ؟



چریکە مەخمووری

ژن وەك فاکتەرێکی کارا کاریگەری هەبووە لە سەر بوون و ژیانی مرۆڤ، لەکاتی تەنگانەش شانبەشانی پیاوان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە جگە لە ئەرکە تایبەتییەکانی سەر شانی, وەك بوونەوەرێکی هەستیارو خولقێنەر ڕۆڵی خۆی بینیوە لە سەر شانۆی زەمەن، ئەگەرچی بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری هەمیشە لە ژێر کۆمەڵێ یاسای نادروست چەوساوەتەوەو پیاوانیش وەك ئامێرێك بە هەوەس و ئارەزووەکانی خۆیان کاریان پێدەکەن، هەرچیەك کە خۆیان پێیان خۆش بێ تەنیا لەو رووەوەش ماف بە ژن رەوا دەبینن، لە هەموو بوارەکانی ژیان هەر لە جۆری هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەیان تا ڕەنگ و شێوەی قژو جل و بەرگیان، دەبێ هەمووی بەخواستی ئەوان بێت نەك بەخواستی ژنان خۆیان, پرسیار گەلی زۆر هەن ئاراستەی پیاوان بکرێت, کە بۆچی هەموو شتێ بۆ خۆیان بە حەلاڵ دەزانن و بۆ ژنانیش بڤەیە، ئەوەی دەمەوێ لەم بابەتەدا جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە بۆچی ژنانی ئێمە لە بواری هونەری و ڕۆشنبیرییەکاندا کەم بەرچاو دەکەون ؟، یان بۆچی ژنانی ئێمە ناتوانن بێنە مەیدان و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن ؟، ئەمەو چەندین پرسیاری تر کە ئێمە بە دوای وەلامەکانیاندا وێڵین و دەپرسین بۆچی ؟ !، هەڵبەت ژنانی مەخمووریش بە دەرنین لەم ئاریشەو مەینەتیانە، کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی دوایین بلۆکی بناغەی بەعسی رووخاو چاوەڕێی زۆر شتمان دەکرد کەچی لە ڕاستیدا ئەو ئازادییەی چاوەڕوان دەکرا بۆ ژنان بەرجەستە نەبوو, ژنان کاتێ دەیانەوێت بڕیار لە سەر هەر پڕۆژەیەکی تایبەتی ژیان و چارەنووسساز بدەن، جا هەر پڕۆژەیەك بێت و یا لە هەر بوارێك بێت، بە تایبەتی لە بواری هونەریدا تەنیا مافی گوێ گرتنیان هەیە، کەچی لە بڕیارو بەشداریکردن دوورە پەرێز دەکرێن، ئێ خۆ ئەوانیش حەز دەکەن بێنە ناو بارنەکەو بۆ هەمیشە لە دەرەوەی بارنە نەبن، ئەوەتا چەندین کچ دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن دوای تەواوکردنی خوێندن و دەرچوونیان لە ماڵەوە دادەنیشن، یا لە فەرمانگەیەکی تر دادەمەزرێن، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو بەشەوە نیە کە خۆی خوێندوویەتی، لێرە تەنیا مەبەستیان بەدەست هێنانی بڕوانامەکەیانە، ئەوەی ماوە ئاماژەی پێبکەین پێشکەوتنی هونەرو ئەدەب واتا پێشکەوتنی کۆمەڵگا، هیوادارم لەمەو دوا کچان و ژنانی ناوچەکە جێ پەنجەیان دیاربێت لە بەرەو پێشبردنی رەوشی هونەری و رۆشنبیری لە دەڤەرەکەو چیتر ئاستەنگ نەخرێتە بەردەمیان، تا بتوانن بەهرەکانیان لەخزمەتکردنی شارەکە بێتە واری پراکتیزەکردنەوە .

# ئاسەواری تەعریب لە مەخموور

ئا : باوکی زانکۆ

جەماوەری باشووری کوردستان دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ لە پارچەیەکی کوردستان حکومەتێکیان دامەزراند، تارادەیەك خەونەکانی گەلی کورد هاتە دی, ئەم حکومەتە بە یارمەتی هەموو ریکخراوە جیهانی و خێر خوازەکان ژمارەیەکی زۆری دێهاتەکانی کوردستانیان ئاوەدان کردەوەو خەڵکێکی زۆری گوند نشینەکان گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باو باپیرانیان, ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەر پەرچدانەوەیەکی سیاسەتی تەعریبی رژێمی گۆڕ بە گۆڕبوو، کە چی حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان دەیانوت زۆربەی کارەکان لە ژێر دەستی ریکخراوەکان دایە ئەگینا ئێمە کوردستان دەکەین بە بەهەشت، برا دەستتان خۆش.!, وە لە هەمان کاتدا دەمانبیست ئەم خەڵکانەی گوندە تازە ئاوەدانکراوەکان گلەیی و گازاندەیان هەبوو لە رووی ئیداری و خزمەت گوزاری، بەلام ئێمە بە نا دڵسۆزمان لە قەلەم دەدان، چونکە ئێمەی خەڵکی مەخموور وقەراج و کەندێناوە ئەوەندە پەرۆشی خاك و زەوی و ولاتی خۆمان بوین گریان لە چاومان قەتیس مابوو، دەمانوت بەس تەنها گەڕانەوە بۆ ناوچەکەمان، ئەمە خۆی لە خۆی دا هەموو شتێکە, بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی بەعسی بەزیو روخێنرا لە لایەن هاوپەیمانان، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەنگۆی ئەوەیان ئەهات کە ئێراق بە تازەترین شێوە ئاوەدان بکەنەوە, ئەم خەڵکەش کاکا بوو بۆ سەر شوێن و جێنشینی خۆی دەرۆیشتەوە, دەمانوت "ئەی نەمان گوت". ؟ ، ئەمەیە خەڵکی ناوچەکەی ئێمە ئا ئەمەیە ولات پارێزیی و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان, بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو رایان کرد بە دوای تەبعی بریمەر وردە وردە گوندەکان قڕانی تێ کەوت و کەسی تیادا نەما، گلەیی و گازاندەی ئێمە زۆر گەورەتر بوو لە خەڵکانێکی تر، ئێستا لە کۆی (٦٠) گوندی کورد، (٦٠) مالیش لە ناوچەکە لە گوند نیشتەجێ نیەو بە بیانووی فرۆشتنی پەرێزیش ناوچەکەیان پڕ کردووە لە عەرەب، وردە وردە بە دەستی خۆمان ئەنفالی دەکەین، جا لێرەدا ئەم چیرۆکەم هاتەوە یاد لە ساڵی (١٩٦٣) کاتێك حکومەت و (حرس قەومی) هێرشیان هێنا بۆ سەر ناوچەی مەخموور و قەراج و کەندێناوەو سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان و دەستیان کرد بە کوشتن و سوتاندنی ماڵ و حالی ئەم خەڵکە گرتنیان و بزرکردنیان ، بەم شێوەیە رەفتاریان دەکرد، خەڵکی ئەم سنوورەش ئەوەی هەلات و ئەوەی گیراو ئەوەی کوژرا، مالّ وحالی کورد بوو بە فدیەی عارەب و رژێمی ئەو کات, دوای ئارام بوونەوەی دۆخەکە و خەڵکەکەش گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆیان، لە یەکێك لە گوندە سوتێنراوەکان بینیان سەگێك لە برسان و لە تینوان گیانی لە دەست داوەو ئامادە نەبووە ولاتەکەی جێ بهێلێ بۆ دوژمن، مەبەستم لەم چیرۆکە ئەوەیە ئەگەر بە قەد ئەم گیانەوەرە دڵسۆز بوینایە بۆ ولاتەکەمان ناوچەکەمان نەدەبوو بە سەحراو تەعریب دووبارە نەدەهاتە ناو ماڵ و حالمان، سەرەرای ئەم سلبیاتانەی لە هەردوو ئیدارەوە دەیبینین، ئەوە ناگەیەنێ خاك ولات بە دەستی خۆمان تەهجیر بکەین، گەڕانەوەی ئیمڕۆ شەرەفی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، من دەپرسم بۆچی عەرەبێك لە یەمەن ئامادەیە بێت خۆی لە هەولێر بتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی پارچەیەك لە نیشتمانی بەناو عەرەب نە پچڕێ، بۆ ئێمەش ئامادە نەبین بەرەنگاری ئەم هەموو دوژمنکارییە ببینەوە تا ولاتی خۆمان و دەشتی مەخموور و قەراجی کاکی بە کاکی ئاوەدان بکەینەوە .

## مەریوان مەخمووری:

# هونەر بۆ هونەرمەند نیشتمانێکی گەڕۆکە..!

مەریوان ئەبوزەید عەبدوڵڵا، ناسراو بە (مەریوان مەخمووری)، هونەرمەندێکی پەیکەرسازەو لەساڵی ١٩٧٨ لە یەکێ لە گوندەکانی (دەشتی قەراج) ی سەر بە قەزای مەخموور لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی (١٩٩٩-٢٠٠٠) بەشی هونەری پەیکەرسازیی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، دەستپێکی چالاکییە هونەرییەکانی لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر بووەو بەشداری چەندین پێشانگای کردووە، لە ساڵی (١٩٩٤) یەکەمین پێشانگای لە (ناوەندیی زۆران)ی کوران لەهەولێر کردۆتەوە، لە قۆناغی پەیمانگاش بەشداری لە سەرجەم فیستیڤاڵەکانی ساڵانەی پەیمانگا کردووە، بناغەی کارە هونەرییەکانی لەسەر رێبازی(سوریالیزم) سەرچاوە دەگرێت، نزیکەی پێنج ساڵە لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیەو بەردەوامە لە چالاکییە هونەرییەکانی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد:

***هونەر بۆ هونەرمەند چی دەگەیەنێت ؟**

– هونەر بۆ هونەرمەند نیشتمانێکی گەڕۆکە، دەتوانێت گوزارشت و رۆئیا جوانەکان بەم گەڕۆکە ببەخشێ لە رووانگەی کارەکانیەوە بیخاتە روو .

***بۆ بەشی پەیکەرسازیت هەڵبژارد؟**

– هونەری پەیکەرسازی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە رووی هێلکاری و سکێچەوە جیاوازی لەگەڵ بەشەکانی تری شێوەکاری هەیە، دەتوانم بڵێم هونەری پەیکەرسازی ئیستاتیکایەکی تایبەتی هەیە، شێوازی کارکردن تیایدا زیاتر دیوار بەندییە .

*** چالاکییەکانت لە ماوەی رابردوودا چی بوون ؟**

– ساڵی (١٩٩٦) بەشداری پێشانگای هاوبەشی (ی.ه.ك) لە گەلەری (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان - سلێمانی ) کردووە، ساڵی (١٩٩٧) بەشداریم لە



پێشانگای هاوبەشی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان) کردووە، ساڵی (٢٠٠٠) بە چەند تابلۆیەك بەشداریم لە پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان لە گەلەری (زاموا) کردووە، ساڵی (٢٠٠١) بەشداریم لە پێشانگای هاوبەشی (ناوەندی هونەریی هەولێر) کرد، کە لە (سلێمانی و رانیەو کۆیە) کرایەوە، ساڵی (٢٠٠٢) لە یادی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا، بەشداری پێشانگای هاوبەشم لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی کرد .

*** چ ساڵێك رووت لە هەندەران کرد، ئایا تا چ رادەیەك سوودی بۆ بەرەو پێشچوونی هونەرەکەت هەبووە ؟**

– لە مانگی ئایاری ٢٠٠٢ چوومەتە هەندەران، بەڕاستی ژیانی غوربەتی سەختە، من بە هونەر تێنوێتی غوربەت دەشکێنم، هەر بۆیە چالاکیم هەبووەو بەردەوام لەم بوارەدا کار دەکەم، بۆ نموونە لە ٢٠٠٣/٣/١٦ لە یادی هەڵەبجەی شەهید، پێشانگایەکی تایبەتیم لە پارکی (پیکادری) لە مانچستەری بەریتانیا کردەوە، لەم پارکەدا دارێك بۆ هێمای هەڵەبجە روێنراوە، هەموو ساڵێك لە ژێر ئەم دارەدا یادی ئەم کارەساتە دەکرێتەوە، هەروەها ساڵی ٢٠٠٤ پێشانگایەکی تایبەتم لە زانکۆی (بیرمینگام) کردەوە، ساڵی ٢٠٠٥ بەشداریم لە پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی پەنابەرانی جیهان لە شاری (وێست مۆتینگام) ی بەریتانیا کرد، لە کاتی گەڕانەوەم بۆ کوردستان، ساڵی ٢٠٠٥ پێشانگایەکی تایبەتیم لە مۆزەخانەی سلێمانی لە ژێر ناونیشانی (وەرزەکانی حەسرەت لە غوربەتدا) کردووە، ئەمساڵیش لە ٢٠٠٧/٣/١٦ لە یادی هەڵەبجە، بە چەند تابلۆیەك بەشداری پێشانگایەکی ( کۆمەڵەی کلتووری کورد) م لە بەریتانیا کرد .

*** چ پرۆژەیەکت بۆ داهاتوو بەدەستەوەیە ؟**

– ئێستا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنم بۆ داهێنانی شێوازی تازەگەرییەتی بۆ بەرەو پێشچوونی رەوتی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، هەروەها بەنیازم پێشانگایەکی تابلۆی گرافیك لە مەخموور بکەمەوە .

*** لە یادی چوار ساڵەی دەڤەری قەرەچووغ چ پەیامێکت هەیە ؟**

– بە بۆنەی چوارەم ساڵیادی ئازادی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕ، سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم، لە هەمان کاتدا جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەماوەری بەشەرەفی دەڤەرەکە دەکەم، هیوادارم بتوانم لە رێی کارە هونەرییەکانم خزمەتێك بە دەڤەرەکەم بکەم .

*** دوا وتەت ؟**

– دەتوانم بڵێم جیهانی هونەر دەریایە، ئێوەش بەکارە جوانەکانتان توانیتان جۆگەلەیەك لەم دەریایە بکەنەوە،سوپاسی ئەم بەسەرکردنەوەیەتان دەکەم، هیوادارم (ئازادیی قەرەچووغ) هەر لە پێشکەوتندا بێت .



# ڕەوشتی گەنجانی مەخموور لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا

م / محمد محی الدین

یەك بە یەك ماڵەکان ئەناسم و ئەزانم چۆن لە ئێستاو رابردودا ژیانیان گوزەراندووە, بە شێوەیەکی گشتی دانیشتوانی مەخموور زۆربەی هەرە زۆری لە بواری ژیاندا لە رووی بژێویدا بە هەژاری دەژیان, ئاستی ئابوورییان نزم بوو, یەك بە یەك ئەیانناسم، هەندێ لە گەنجەکان لەگەڵ مندا قوتابی بوونە، لە دوای قوتابخانە کرێکارییان ئەکرد، لە تاقی ئێوارانداا لەبەر هەژاری, بازاڕو دوکانەکان بە پەنجەی دەست ئەژمێردران خواردنی سەرەکیش تەنها تووری قەسران بوو، ئاوی خواردنەوەو رێژەو پێژە ئاوی بن بەرد و ئاوی دەرمانئاوە بوو, جل و بەرگ دڕاو و بە پینە بوو، پێڵاو کلاشی لاستیك بوو, تاکو بڵێی باری ژیان سەخت بوو، ئوتومبیل نەبوو تەنها جێبێکی مۆدیل پەنجاکان هەبوو, خەڵك بە راستی روو لە خوا بوو, کەس نەیدەزانی تەلەفیزیۆن چیەو پێشکەوتن لە رووی شارستانیەت و تەکنەلۆجیای سەردەم و ئەلکترۆنییات و مۆبایل و سەتەلایت و ئەم بێ ئابڕوییە چیە .

دوا بە دوای ئەوەی باری ژیانی خەڵکی شارەکە بەرەو باشتر چوو، خەڵك بووە خاوەنی پارەو پول و ئوتومبیل وهەموو جۆرە پێداویستیەکانی ژیان, ئیتر لووت بەرز بوون، بەتایبەتی هەندێك لە گەنج و لاوی ساویلکەو نەزان و ئارەزوو بازی دەروونی، کەوا بەو گۆرانکارییە لووتیان بەرزبووەوە و لە ژیانی هەژاری و خودا ناسی، دەستیان کردووە بە دەرچوون لە تەوەری مرۆڤایەتی، بۆ باری گیانداری، رەشە ولاغی، بۆ بێ ئاگابوون، لە هەستی مرۆڤێکی تەواو بۆ سەر خۆش بوون، خواردنەوەی ئارەق و بیرە، کە بە راستی کارێکی نا شارستانییە و رەوشتی شەیتانە، کەچی پێشتر لە برسان دەمردن, زۆر لەو ماڵانە، خۆم زکاتم پێداون لەبەر هەژاری و کەم دەرامەتییان و ئێستاش بوونە بە ئارەق خۆر, لە زۆر شوێن لە مەخموور لە نێو کوچەو کۆڵانەکان و لە بەر دەرگای قوتابخانەکان زۆر جار شوشەی ئارەق و قۆدی بیرە کەوتووە، بە مەش نەوەستاون، بەڵکو سەر گۆرستانیش پڕ بووە لە شوشەی ئارەق و قۆدی بیرە, دەبینین کەوا مردووەکانیش بێبەش نەبوونە لە کارە دژوارەکانی ئەو جۆر گەنجانە, مردووەکانیش لەبەر بۆنیان سەرخۆش بوونە , کورد راستی وتوە کە دەڵێ "پارە لە کورتانی کەر بکەی هار دەبی"، لێرەدا چەند جار بە بەرپرسانمان وتووە، کەوا ئەو (نادی) یە داخەن، ئەوکارە بۆگەنە لەناو شاری مەخمووری خوداناس لابەرن، بەڵام بێ سوودەو خۆیان هاندەری ئەم کارەن، بە راستی ئەوانە لە سزای خودا رزگاریان نابێ,پیغەمبەر فەرموویەتی "شارب الخمر كعابد الوثن"، بە مانای ئارەق خۆر وەکو بت پەرست وایە, توخوا ئەمە پێشکەوتنە یان دواکەوتن وگەڕانەوەیە بەرەو دواوە،لە دوای چی..؟، لە دوای سەدەی بیستەم بەرەو نەزانین رۆیشتن، یابەرەو سەرکەوتن بۆ لووتکەی بەرزی زانست و رزگاربوون لە ژێر دەستەیی، نەزانراوە لە هیچ مێژوویەکەوە، گەلێك رزگار بێت بە کرداری بەدرەفتاری لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و ئەلکترۆنیات بۆ کرداری بێ رەوشتی, بەتایبەتی گەنجان ئەو مۆبایلە زێڕینە کە باشترین سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەوان بۆ کاری بێ شەرمانە بەکاری دەهێنن , بۆ ناو زڕاندن و ئابڕوویردنی ئافرەتی موسوڵمان، یا ئەم سەتەلایتە بۆئەوەنیە کەتۆ بۆ کاری بێ ناموسی بەکاری بهێنی، بەڵکو بۆ فێربوونی رەوشت و زانست و کرداری جوان, بەراستی گەنجانی کوردستان لە جیاتی هەوڵی بەرەو پێشچوون و خۆ رۆشنبیرکردن بدەن، کەچی بەرەو هەڵدێرو لە ناوچوون دەچن .

# راپۆرتێك دەربارەی شاری مەخموور



قارەمان وڵات

**پێناسە:**

شارۆچکەی مەخموور دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری هەولێر بەدووری (٦٧)کم و ناوەکەی لە وشەی (مەخمەر)ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەواتای جلێکی رەنگاو رەنگ دێت، بە شێوەیەکی بریقەدار دەردەکەوێت، دەشتی مەخموورو دەوروبەری کاتێك لەوەرزی بەهاردا گوڵ و گوڵزار دەردەکەوێت، وەکو مەخمەر دەبینرێت و دواتر ناوەکە گۆڕاوە بۆ (مەخموور) .

مەخموور لەساڵی ١٨٨٠ لەلایەن کەسایەتی ناوداری ناوچەکە (برایم بایز ئاغا) دروست کراوە، ناوبراو کەسایەتییەکی ناوداری ناوچەکەو خاوەن هێزو دەسەڵات بووە، ئەوکات شارەکە لەشوێنێکی تر بووە کە ئێستا پێی دەڵێن (قەلات)، دەکەوێتە رۆژئاوای مەخمووری ئێستا، بەلام لەساڵی ١٩٠٧ لەسەردەمی عوسمانییەکان بە زۆرداری دێیەکەیان گواستەوە بۆ شوێنی ئێستای شارەکە .

حکومەتی عوسمانی (قشلە) یەکی لە ناو شارەکە دروست کردو، لەساڵی ١٩٢٧ مەخموور بوو بە قەزا، یەکەم قائیمقام بەناوی (عەبدولڕەحمان محەمەد سەعید بابان) دانرا، لەو کاتەدا شارۆچکەی مەخموور تەنها (٧٥)ماڵی لێ بووە، پێکهاتەی شارەکە لەوکاتدا تەنیا کوردو چەند ماڵێکی جولەکە بوون، بەلام دوای ساڵی ١٩٥٠ کاتێك جولەکە کۆچیان کرد، دانیشتوانی شارەکە هەمووی پێکهاتبوو لە کورد.

**شوێنەوار:**

شاری مەخموور چەندین شوێنەواری دێرینی تیادایە، لەمانە (مەخموورە گچکەلە) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان و دەکەوێتە باشووری شارەکە، بەلام ناوی ئەو کاتی سەردەمی ئاشورییەکان نادیارە، وە ئێستاش شوورەکانی دەوری شارەکە هەر ماوە، ئەگەرچی ئەم شوێنەوارە بە تەواوی فەرامۆشکراوە.

هەروەها شوێنەواری (شارگە) کە ئەمیش لەسەردەمی ئاشوورییەکان دروست کراوە، دەکەوێتە بەشی رۆژهەلاتی شارەکە، (بازارگە)ش شوێنەوارێکی دێرینی ترە کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەلاتی مەخموورو مێژووەکەی بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوەو دەروازەی شارەکەیەو گرنگی زۆری پێدراوە لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە بە گشتی .

لەو سەردەمەدا سێ سەرکردەی ئاشووری حوکمی ئەم شارەیان کردووە، (قەرناقیل) کە حوکومڕانی قەلات و (میترائیل) حوکومڕانی مەخموورە گچکەلەی کردووەو(شامەزهەب)یش سەرکردەی سەربازیی دەروازەی بازارگە بووە.

**سەرچاوە ئاوییەکان:**

ئاوەدان بوونی مەخموور دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی بەشی رۆژهەلاتی شارەکە،کە لەبناری چیای قەرەچووغ هەڵقوڵاون، سەرچاوە ئاوییەکانیش بریتین لە سەرچاوەی ئاوی (دەرماناوە) کە ئاوەکەی رێژەیەکی زۆری (گۆگرد) تێدایە، خەڵکی ناوچەکە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست سوودیان لێ وەرگرتووە، سەرچاوەی دووەم (ئاوی بنبەرد)ە، کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوەی خەڵکی شارەکە بووە، سەرچاوەی سێیەم (ئاوی سەید ئەمین)ـە و ئەویش بۆ خواردنەوە بەکار هاتووە .

**لەرووی کشتوکاڵییەوە:**

قەزای مەخموور پانتاییەکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی هەیە، رووبەری گشتی سنووری شارەکە نزیکەی (٨١٣,٢٥) دۆنمە، ئەو زەوییەی کەشیاوی کشتوکاڵییە، (٧٠٥,٣١) دۆنم دەبێت، کە ئەمەش زەوییەکی فراوانە بۆ کشتوکاڵکردن و گرنگترین بەرووبوومی کشتوکاڵی ئەم ناوچەیەش دانەوێڵەیە، بەتایبەتی گەنم و جۆ .

لەساڵی ١٩٧٨ لەلایەن کۆمپانیایەکی رووسی عەمبارێکی گەورەی هەڵگرتنی دانەوێڵە (سایلۆ)ی لێ دروستکرا، کە نزیکەی ١٨٠,٠٠٠ تەن دانەوێڵە لە خۆ دەگرێت.

**دانیشتووانی شارۆچکەکە:**

دانیشتوانی مەخموور (٩٥٪) ی کوردەو ئەویتریش عەرەبە، لە دوای ساڵی ١٩٦٣ هاتوونەتە مەخموور، ئەوەی کەلەلایەن رژێمی بەعسەوە هاتبوو، لەدوای پرۆسەی ئازادی ئێراق شارەکەیان جێهێشت.

ئەمەو شاری مەخموورو دەوروبەری چەند هۆزێکی کوردی تیادایە، هەر لەو کاتەی مەخموور دروست کراوە تاوەکو ئێستا لەو ناوچەدا دەژین، وەك (شێروانی ، پالانی ، گەردی ، سیان ، بندیان ، خۆشناو ، سوورچی ، بلباس ، بابان ) .

**شێوازی دەست پێکردنی تەعریب لەمەخموور :**

سەرەتای مێژووی تەعریب بۆ ساڵی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە، کاتێ حکومەتی عارفی بە هاوکاری عەرەبە رەگەزپەرستەکان، هەڵسان بە سووتاندنی گوندەکانی ناوچەکەو کوشتن و ئازاردانی خەڵکێکی زۆری سقیلی ناوچەکە .

دیارە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بۆ چەند رۆژێك ناوچەکە ئازادیی بە خۆوە بینی، دوای ئەم چەند رۆژە،رژێمی روخاو دووبارە کەوتەوە وێزەی خەڵکی دەڤەرەکەو پەیرەوکردنی سیاسەتی تەعریب لە ناوچەکە، کە سەرەکیترینیان لکاندنی ئیدارەی ناوچەکەیە بە ئیدارەی موسڵەوە، دوای پرۆسەی ئازادیش دەبینین ناوچەکە هێشتا ئاسەواری تەعریبی هەر پێوە دیارەو گوندو دێهاتەکان بە چۆڵی ماونەتەوەو شارەکەش وێرانی پێوە دیارە، بۆیە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە زیاتر یارمەتی ماددی و مەعنەوی ئەم ناوچە بەپیتە بدەن تا ببێتە شارێکی هاوچەرخ .